nova



# بیتهۆڤن

ئالان وودس

## مرۆڤ و ئاوازدانەر و شۆڕشگێڕ

وەرگێڕانی: ڕۆژ جەمال

# بتهۆڤن: مرۆڤ و ئاوازدانەر و شۆڕشگێڕ

## ئالان وودس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕۆز جەمال

پێداچوونەوەی: کارزان عەزیز



گەر ئاوازدانەرێک شایەنی ئەوە بێت بە شۆڕشگێڕ ناوزەد بکرێت، ئەوا ئەو ئاوازدانەرە (بتهۆڤن)ە. بتهۆڤن مەزنترین شۆڕشی تاقانەی میوزیکی مۆدێرنی هێنایە دی، هەروەها شێوازی ئاوازدانان و گوێگرتنی لە میوزیک گۆڕی. ئەمە میوزیکێکە کە بۆ هێمن کردنەوە نییە، بەڵکو بۆ هەژاندن و شێواندنە. ئالان وودز لە نوسینێکیدا ساڵی ٢٠٠٦، وەسفی ئەو جیهانە دەکات کە بتهۆڤن تیایدا لە دایک بووە؛ کە چۆن جیهانێکی  پڕ لە ئاژاوە، گواستنەوە، جەنگ، شۆڕش و دژە شۆڕش بووە؛ جیهانێکی وەک ئەمەی ئێمە.

"بتهۆڤن هاوڕێ و هاوسەردەمی شۆڕشی فەڕەنسییە، هەروەها هەر بە دڵسۆزی بۆ ئەم شۆڕشە مایەوە تەنانەت لە ماوەی حوکمڕانیی دیکتاتۆریەتی جاکۆبیندا. لە کاتێکدا کە هیومانیستەکانی هاوشێوەی شیلەر بەهۆی لاوازی  و کەم تەحەمولییانەوە پشتیان تێکرد و بە باشتریان زانی کە ستەمکاران لە ڕێی  تەختەی شانۆ و بە هاوکاری شمشێری کاغەزی و کارتۆنییەوە لەناو ببەن. بتهۆڤن، ئەو بلیمەتە سادەیەی بە شانازییەوە پشتی کردە ئیمپراتۆرەکان، شازادەکان، هەروەها پیشەسازەکان- ئەوە ئەو بتهۆڤنەیە کە خۆشماندەوێ لەبەر گەشبینییە نەگۆڕەکەی، نیگەرانییە جەربەزەکەی، شیوەنی ململانێکەی، لەگەڵ ئیرادە پۆڵاینەکەیدا کە وای لێکرد قورقوڕاگەی قەدەر بگرێت" (ئایگۆر ستراڤینسکی)



گەر ئاوازدانەرێک شایەنی ئەوە بێت کە بە شۆڕشگێڕ ناوزەد بکرێت، ئەوە بتهۆڤنە. لە ڕووی مێژووییەوە، وشەی شۆڕش لە دۆزینەوەکانی کۆپەرنیکۆس وەرگیراوە، کاتێک کە دۆزییەوە زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە و بەوهۆیەشەوە نیگا و تێڕوانینی ئێمەی بەرامبەر گەردوون و جێی خۆمان لە گەردووندا گۆڕی. هەر بەم شێوەیە، بتهۆڤن مەزنترین تاکە شۆڕشی میوزیکی مۆدێرنی هێنایە دی. بەرهەمەکانی گەلێک فراوان و زۆر بوون کە پێکدێن لە نۆ سەمفۆنیا، پێنج کۆنسێرتی پیانۆ و هەندێکی دیکەی کەمانچە، چوارینەی ژێدارەکان، چەندین سۆناتای پیانۆ، چەند گۆرانییەک، لەگەڵ ئۆپێرایەک. بتهۆڤن شێوازی میوزیکدانان و گوێگرتنی لە میوزیک گۆڕی. هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی، ئەو هەرگیز لە بەرەوپێشبردنی میوزیکدا نەوەستا.

لە دوای بتهۆڤن، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و ئەو تێڕوانینەی کە پێیوایە میوزیک ئامراز و کەرەستەی خەولێخستنە بۆ پارەدار و سەرمایەداران تا لە سەمفۆنیاکاندا وەنەوز بدەن و بگەڕێنەوە ماڵەوە بە بێدەنگی بخەون، کارێکی ئەستەم بوو. دوای بتهۆڤن چیدی خەڵک بە منگەمنگکردن و لاسایی کردنەوەی ئاوازە چێژبەخشەکانەوە نەدەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان. ئەمە میوزیکێکە کە هێمنکەرەوە نییە، بەڵکو هەژێنەر و شێوێنەرە. میوزیکێکە واتلێدەکات بیر بکەیتەوە و هەست بە شتەکان بکەیت.

## ساڵانی سەرەتای ژیانی

مارکس دەڵێت؛ جیاوازیی نێوان فەڕەنسا و ئەڵمانیا ئەوەیە کاتێک فەڕەنسییەکان بە فیعلی شۆڕشەکانیان دروست دەکرد، ئەڵمانییەکان بە تەنیا لێیان ڕادەمان. ئایدیاڵیزمی فەلسەفی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەڵمانیا هەر لەبەر هەمان هۆکار بوو کە گەشەی کرد. لە ئینگلتەراشدا، بۆرژواکان کاریگەری زۆریان لەسەر شۆڕشی-مێژوویی مەزنی جیهانیدا هەبوو، کە بریتی بوو لە پرۆسەی بەرهەمهێنان. کاتێک لە ئاوی کەناڵی ئینگلیزیدا، فەڕەنسییەکان شۆڕشێکی یەکسان لە مەزنییان بەرپا دەکرد لە سیاسەتدا. هاوکات، ئەڵمانیا بەرەو دواوە دەچوو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە پشت فەڕەنسا و ئینگلتەراوە، تاکە شۆڕش تیایدا شۆڕشیی عەقڵیی پیاوان بوو لەوانە کانت، فیختە، شیلێنگ، هەروەها هێگڵ مشتومڕیان بوو لەسەر سروشتی جیهان و ئایدیاکان، لە کاتێکدا خەڵکانی دیکە لە وڵاتانی دکەدا بیریان لەوە دەکردەوە شۆڕش بەسەر جیهان و هزری پیاوان و ژناندا بکەن.

بزووتنەوەی سترەم و درانگ (Strum and Drang) گوزارشتێک بوو لەم دیاردە باوەی ئەڵمانیا. فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گۆتە و بە تایبەتتریش کانت. لێرەدا دەتوانین هەست بە دەنگدانەوەی شۆڕشی فەڕەنسی بکەین، بەڵام دوور و ناڕوون بوو، ئەوان بە توندی بە جیهانی ئەبستراکت و مەعنەویی شیعر و میوزیک و فەلسەفەوە بەسترابوونەوە. بزووتنەوەی سترەم و درانگ لە

ئەڵمانیا ڕەنگدانەوەی سروشتی شۆڕشگێڕانەی چەرخی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم بوو. ئەو ماوەیە بوو بە هەوێن و سەرچاوەی ڕۆشنبیرییەکی گەورە. فەیلەسووفە فەرەنسییەکان پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە ڕووداوە شۆڕشگێڕییەکانی ساڵی ١٧٨٩ ببن بە هەڕەشە بۆ سەر ئایدیۆلۆژی ڕژێمە کۆنەکە. هەروەک ئەنگڵس لە کتێبی *ئەنتی-دورینگ*دا دەڵێت: "ئەو مرۆڤە مەزنانەی لە فەرەنسا هزری مرۆڤەکانیان بۆ شۆڕشی ئاینده ئامادە دەکرد، خۆیان لە خۆیاندا تا دوا ڕادە شۆڕشگێڕ بوون. ئەوان دانیان بە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی دەرەکیدا نەدەنا. ئاین، زانستی سروشتی، کۆمەڵگا، دامەزراوە سیاسییەکان- هەموو شت خرابووە ژێر ڕکێفی ڕەخنەی بێ بەزەییانەوە (ڕەخنەیەک کە بێ گوێدانە هیچ جیاوازییەک دەگیرا)؛ هەموو شتێک دەبێت پاساوی بۆ هەبوونی خۆی هەبێت پێش بڕیار دان، ئەگەر نا، دەبێت دەست لە بوونی خۆی هەڵبگرێت. ژیری و عەقڵانییەت بووبوونە بنەما و بناغە بۆ پێوان و هەڵسەنگاندنی هەموو شتێک. وەک هێگل دەڵێت، ئەوە ئەو کاتە بوو کە جیهان لەسەر سەری ڕاوەستابوو؛ یەکەم، بەو مانایەی کە مێشکی مرۆڤ و هەموو ئەو بنەمایانەی پێیان دەگات بە هۆی بیرکردنەوەیەوە و دواتریش دەبنە بناغەی هەموو کردار و فەرمانێکی مرۆڤ. لە لایەکی دیکەشەوە، بە مانا فراوانەکەی، ئەگەر واقیعیش دژ بەو بنەما عەقڵانیانە بێت ئەوا دەبێت ئەو بنەمایانە ببنە هۆی هەڵگەڕانەوەی واقیعیش."

## شاری بۆن لە سەدەی 18دا

کاریگەریی ئەم هەوێنەی پێش-شۆڕش هێندە گەورە بوو، وایکرد تەنانەت لە دەرەوەی سنورەکانی فەڕەنساش هەستیان پێبکرێت لەوانە: ئەڵمانیا، ئینگلتەرا، تەنانەت لە ڕووسیاش. لە ئەدەبدا، وردە وردە فۆرمە کۆنەکانی پەیوەست بە ڕەوشت دەتوانەوە. ئەمە خۆی لە شیعرەکانی وۆڵفگانگ گۆتەدا بینییەوە کە مەزنترین شاعیرە تا ئێستا ئەڵمانیا بەرهەمی هێنابێت. شاکارەکەی "فاوست" بە ڕۆحێکی دیالەکتیکییەوە نوسراوە. میفیستۆفیلیس (Mephistophiles) ڕۆحی زیندووی ئەو نێگەیشنەیە (نەفیکردنەوەیە)یە کە خۆی دەکات بەناو هەموو شتێکدا. ئەم ڕۆحە شۆڕشگێڕە خۆی لە کارەکانی دواتری مۆزارتدا دۆزییەوە، بە تایبەت لە دۆن جیۆڤانی، کە بەشێکی کۆرسەکە تیایدا دەڵێت "بژی ئازادی!" تەنها لەگەڵ بتهۆڤندایە کە شۆڕشی فەڕەنسی توانی دەربڕینی ڕاستەقینەی خۆی لە میوزیک ببینێتەوە.



**وێنەی شاری بۆن لە سەدەی 18دا**

لۆدویگ ڤان بتهۆڤن له ١٦ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٧٠ له بۆن سەر به خێزانێکی به ڕەچەڵەک فەلەمنگی و وەک کوڕی میوزیسیانێک لەدایکبوو. یۆهانی باوکی له لایەن دادگای هەڵبژاردنی سەرۆکی قەشەکانەوە کاری پێدرابوو. پیاوێکی له هەموو ڕوویەکەوە ڕەق، دڕندە و چێژپەرست بوو. دایکی که ناوی ماریا ماگدێلینا بوو، قوربانیبوونی خۆی به قسەنەکردن و بێدەنگییەکەی ڕاگەیاندبوو. منداڵیی بتهۆڤن هیچ خۆش نەبوو که لەوانەیە هۆکارەکەی پەیوەندیی به داخراوێتی و وشکیی کەسایەتی و ڕۆحی یاخیبوویەوە هەبێت.

خوێندنی سەرەتایی بتهۆڤن له باشترین حاڵەتیدا، پینەکراو و پچڕپچڕ بوو. له تەمەنی یازدە ساڵیدا وازی له خوێندن هێنا. یەکەم کەس که به توانا شاراوەکەی زانی، میوزیسیان و دابەشکەر گۆتلۆب نیفێ بوو، که بتهۆڤنی به کارەکانی باخ ناساند، به تایبەت (*Well-Tempered Klavier*).

کاتێک باوکی به بەهرەی چرۆ کردووی کوڕەکەی زانی، ویستی بیکاتە بەهرەیەکی ڕوونی ناو منداڵان- مۆزارتێکی نوێ دروست بکات ئەو کاتەی که توانی له تەمەنی له پێنج ساڵیدا له کۆنسێرتێکی گشتیدا دەرکەوت و ناوبانگی هێنا. بەڵام یۆهانی باوکی بتهۆڤن بێ هیوایی بۆ مایەوە: لەبەرئەوەی کوڕەکەی ئەم نەیتوانی وەک منداڵیی مۆزارت دەربکەوێت. به شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، هیچ بەهرەیەکی سروشتیی نەبوو بۆ نوسینی یاخود دانانی میوزیک، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو هانبدرێت. باوکی

ناردی بۆ لای چەندین مامۆستا تاکو میوزیک ئاویتەی مێشکی بکەن .

## کاتێک بتهۆڤن لە ڤییەنا بوو

لەم کاتەدا شاری بۆن، پایتەختی هەڵبژاردنی کۆلۆنیا، هەرێمێکی کشومات و پەراوێز و پێشنەکەوتوو بوو. لەبەرئەمە، بۆ بەرەوپێشچوون دەبووایە میوزیکژەنە گەنجەکە بچێت بۆ ڤییەنا. خێزانەکەی دەوڵەمەند نەبوون تا بینێرن، بۆیە لە لایەن سەرۆکێکی قەشەکانەوە نێردرا بۆ پایتەخت. لێرە مۆزارتی بینی کە سەرسام بوو پێی. دواتر یەکێک لە مامۆستاکانی هایدن بوو. بەڵام ئەو دوای دوو مانگ دەبووایە بگەڕێتەوە بۆ بۆن، چونکە دایکی زۆر نەخۆش بوو. ماوەیەکی کورت دوای ئەمە، دایکی مرد. ئەمە یەکەم تراژیدیای تایبەتی و خێزانی ئەو بوو لەناو زۆر تراژیدیای دیکەدا کە تاکو مردن دەستی لە یەخەی بتهۆڤن بەرنەدا و لەگەڵیدا مایەوە. لە ساڵی ١٧٩٢دا، ئەو ساڵەی کە تێیدا لە ملی لویسی شازدەهەم درا، بتهۆڤن بۆ دواجار شاری بۆنی جێهێشت و تاکو مردن لە ڤییەنا مایەوە.



**وێنەی ڤییەنا لە سەردەمی بتهۆڤندا**

لەو وێنانەی بۆمان ماونەتەوە، پیاوێکی گەنجی خەمبار مۆن دەردەکەوێت بە دەربڕینی ناکۆکییەکی ناوەکییەوە لەگەڵ سروشتێکی بەسۆزدا. هەڵکەوتەیەکی قۆزی نەبوو: سەرێکی گەورە و لووتێکی ڕۆمانی واتە لووتێکی نەخوازراو، دەمووچاوێکی چاڵ چاڵ بە ئاسەواری ئاوڵە، لەگەڵ قژێکی بژی پڕ، کە لەوەدەچوو هەرگیز دانەهاتبێت. ڕەنگە تۆخەکەی نازناوی ئیسپانی پێ بەخشیبوو. کورتەبنە و هەڵەشە و زۆر خاکی بوو- تەنانەت بە ئەو جلە کەشخانەشی کە لە سەردەمی گەنجێتییەکەیدا لەبەری دەکردن، هێشتا ئەو تایبەتمەندییانەی نە دەشاردرانەوە و دیار بوون.

ئەم یاخییە ڕاستەقینەیە خۆی لە ڤییەنایەکی ئەرستۆکراتی سەرسەختدا بە شێوازێکی ناڕێک، جلوبەرگێکی ناشرین، مەزاجێکی بەهەمان شێوە هەمیشە تێکچوو، دۆزییەوە، خاڵیی لە هەموو داب و نەریت و شکۆیەک کە لێی چاوەڕێ دەکرا. وەک

هەر ئاوازدانەرێکی دیکەی ئەو سەردەمە، بتهۆڤن دەبووایە لەسەر پشتگیری و لیژنەی دانراوی دەوڵەمەند و خێرخوازە ئەرستۆکراتییەکان بژی. بەڵام هەرگیزیش چاوشۆڕ و ملکەچیان نەبوو. یەکێک نەبوو لەو میوزیکدانەرانەی بووبوونە پیاوی دەسەڵات، وەک هایدن چۆن لە کۆشکی خێزانی ئێستەرهازی بوو. ئەوەی لەبارەی ئەم پیاوە نامۆیەوە بیریان لێ دەکردەوە ناڕوون و نەزانراوە. بەڵام مەزنیی میوزیکەکەی، لیژنە و بڕیاردەرەکانی بۆ مسۆگەر کردبوو، وە بەمەش بژێوی ژیانیشی مسۆگەر کردبوو.



**لەم وێنەیەدا تەنانەت جیاواز لە گۆتە، بتهۆڤن ئامادە نەبوو کڵاوەکەی بۆ ئەریستۆکراتەکان بهێنێتە خوارەوە**

دەبێت لەو کاتانەدا کە لەگەڵ ئەرستۆکراتەکاندا ژیاوە، بە هیچ جۆرێک هەستی بەوە نەکردبێت کە ئەوە جێگای ئەوە. ئەو ڕێککەوتنە گشتییەکان و چەقبەستوێتی ڕەتدەکردەوە. دواشت کە بیری لێ دەرکردەوە ڕووکەش و چواردەورەکەی بوو. بتهۆڤن پیاوێک بوو کە بۆ میوزیک دەژیا و هەناسەی دەدا و هیچ گوێی بە ئاسودەییە سادە و دنیاییەکان نەدەدا. ژیانی تایبەتی خۆی ناجێگیر و شڵەژاو بوو، دەتوانرا بە قەرەج ناوببرێت. لەوپەڕی ناخاوێنیدا دەژیا. ماڵەکەی هەمیشە پیس بوو، پارچە خواردنی بڵاوبووەوە لە هەموو جێگایەکدا دەبینرا، تەنانەت تەنەکەی میزی ژووری نوستنەکەی بەتاڵ نەدەکردەوە.

هەڵوێستی بەرامبەر شازادە و خانەدانەکانی کە پارەیان پێدەدا لەو وێنەیەدا خراوەتە ڕوو. لە وێنەکەدا بتهۆڤن لەگەڵ گۆتەدایە کاتێ کچە شازادەی نەمساوی ڕودۆڵف و شاژنە ئیمپراتۆر بە لایاندا تێپەڕ دەبن، گۆتە کڵاوەکەی لادەبات و سەریان بۆ دادەنەوێنێت، بەڵام بتهۆڤن بە تەواوەتی خۆیان لێ گێل دەکات و بەردەوام دەبێت لە ڕۆشتنەکەی بێ ئەوەی تەنانەت سڵاوێک یاخود پێزانینێک پشانی خێزانی شاهانە بدات. ئەم وێنەیە هەموو ڕۆحی بتهۆڤن لەخۆ دەگرێت کە ڕۆحێکی بوێری، شۆڕشگێری، سەرکوتنەکراوە.

لە کەشی بۆرژوایی ڤییەنادا کە هەستی بە خنکاوی دەکرد تێیدا، نووسیوێتی:

## "تا نەمساوییەکان بیرە قاوەیی و سۆسەجە بچووکەکان بخۆن، هەرگیز یاخی نابن."[1]

### سەردەمێکی شۆڕشگێڕانە

ئەو دنیایەی بتهۆڤن چاوی تێدا هەڵهێنا دنیایەکی پڕ لە ناسەقامگیری، گۆڕانکاری، شۆڕش و دژە-شۆڕش بوو: دنیایەکی وەک ئەمەی ئێستای ئێمە. لە ساڵی ١٧٧٦دا، ئەمریکییە داگیرکراوەکان سەرکەوتوو بوون لە بردنەوە و وەرگرتنەوەی ئازادی خۆیاندا لە بەریتانییەکان. ئەمەش لە ڕێگەی شۆڕشێکەوە کە  لە شێوازی جەنگدا بوو لەگەڵ بەریتانییەکاندا. ئەوە دیمەنی یەکەمە لە درامایەکی مەزنی جیهانی.

شۆڕشی ئەمریکی هزری ئازادی تاکە کەسی بڵاو دەکردەوە کە لە ڕۆشنگەری فەڕەنسییەوە سەرچاوەی گرتبوو. تەنها دوای دە ساڵێک، بیری مافەکانی مرۆڤ بە شێوازێکی توندتر گەڕایەوە فەڕەنسا. زریانی باستیل لە ئەیلوولی ١٧٨٩دا، خاڵێکی گۆڕانی ورد و گرنگی مێژوویی هێنایە کایەوە.

لە ماوەی سەرکەوتنیدا، شۆڕشی فەڕەنسی توانی هەموو پاشماوەکانی ڕژێمی کۆن لەناوبەرێت، توانی تەواوی نەتەوەیەک بخاتە سەر پێی خۆی و ڕووبەڕووی هەموو ئەورووپا ببێتەوە بە ئازایەتی و جەربەزەییەوە. ڕۆحی ئازادیخوازی ئەم شۆڕشە وەک ئاگرێکی نەکوژاوە بە هەموو ئەورووپادا بڵاوبووبوویەوە. ماوەی وەک ئەمە پێویستی بە فۆرمی نوێی هونەری و ڕێگەی نوێی

دەربڕین هەبوو. ئەمەش لە میوزیکی بتهۆڤندا بەدەست هاتبوو، کە باشتر لە هەر شتێک دەیتوانی گوزارشت لە ناخ و دەرونی ئەو سەردەمە بکات.



**فەڕەنسای شۆڕشگێڕ**

لە ساڵی ١٧٣٩دا، شا لویسی فەڕەنسا لە لایەن جاکۆبینەکانەوە لە سێدارە درا. شەپۆلێکی ڕاچڵەکین و تۆقاندن بە هەموو ئەوروپادا بڵاوبوویەوە. هەڵوێستەکان بەرامبەر شۆڕشی فەڕەنسی توندتر کران. ئەو بە ناو ئازادیخوازانەی ئامێزیان بۆ شۆڕش کردەوە بە پەرۆشییەوە، ئێستا چوونەتە بازنەی داخراوی دواکەوتوێتییەوە. ئەو دوژمنایەتییەی لە لایەن پلەوپایەدارانەوە ئاڕاستەی فەرەنسا کرابوو، لەلایەن ئێدمۆند بیرکی فەیلەسوفەوە و بە کتێبێک لەژێر ناونیشانی (بیرکردنەوەکان دەربارەی شۆڕشی فەڕەنسی) پشتگیری لەو دوژمنایەتییەتیەی پلەداران کرد دژ بە شۆڕشی فەڕەنسی. لە هەموو شوێنێکدا پشتیوانانی شۆڕش بە شک و گوماناوی و سەرکوتکردنیانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. چیدی پشتگیری کردن و هاوڕێیەتیکردنی شۆڕشی فەڕەنسی بێ مەترسی نەبوو.

لەو ماوەیەدا ئەزموونی کاتی ناخۆش و پڕ نشێوی کرا. سوپا شۆڕشگێڕەکان، سوپای ڕژێم و دەرەبەگەکانیان تێکشکاند. بتهۆڤنی گەنجیش هەر لە سەرەتاوە ئارەزوومەندێکی سەرسەختی شۆڕشەکە بوو، زۆر لەو ڕاستییە دەترسا کە نەمساوییەکان هێزی یەکەم بوون لە سەرکوتکردنی فەڕەنسادا. پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکە لێوانلێو بوو لە تۆقاندن. دۆخەکە پڕ ببوو لە دوو دڵی و گومان. سیخوڕەکان هەموو شوێنێکیان تەنیبوو، لە هەموو شوێنێکیش چاودێریی ئازادیی ڕادەبڕین دەکرا و بە تەواوی سانسۆرکرا بوو. ئەوەشی نەدەتوانرا بە وشە و نوسین گوزارشتی لێبکرێت، دەکرا لە ڕێگەی میوزیکی مەزنەوە گوزارشتی لەخۆی بکردایە.

خوێندنی لەگەڵ هایدنی مامۆستایدا باش نەدەڕۆشتە پێش. ئەو بیرۆکەی تایبەت و نوێی هەبوو، کە لەگەڵ هایدنێکی بە تەمەنی توند بەستراوە بە میوزیکی ئەرستۆکراتی کلاسیک، نەدەگونجا. ئەوە بەریەککەوتنی کۆن و نوێ بوو. بتهۆڤن ناوبانگێکی باشی بۆ خۆی دروست کردبوو وەک پیانۆژەنێک، شێوازێکی توندی هەبوو وەک ئەو سەردەمەی کە خودی بتهۆڤنی بەرهەمی هێنابوو. دەڵێن هێندە بە هێزەوە دەستی ناوە بە کلیلی پیانۆکاندا، ژێکانی قرتاندووە. ئەو وەک ئاوازدانەرێکی نوێ و لە بنەڕەتدا داهێنەر ناوی دەرکرد. ناوبانگی هەموو ڤییەنای گرتبووەوە و ئەوەش خۆی لە خۆیدا سەرکەوتن بوو. ژیان دەکرێت قورسترین و دڵڕەقترین یاری لەگەڵ مرۆڤدا بکات. لە دۆخ و کەیسەکەی بتهۆڤندا، قەدەر بەتایبەت چارەنوسێکی بێ بەزەییانەی بۆ هێنایەپێش. ئەوەبوو لە ساڵی ١٧٩٦دا زۆر نەخۆش کەوت. ئەم نەخۆشییە کاریگەری لەسەر بیستنی هەبوو. ئەو تەمەنی ٢٨ ساڵ و لە لوتکەی ناوبانگیدا بوو، کاتێک کە بەرەو لەدەستدانی توانای بیستنی دەچوو. لە دەوروبەری ساڵی١٨٠٠ دا، بتهۆڤن یەکەم نیشانەکانی کەڕی یاخود نابیستی لێ دەرکەوت. هەرچەندە بە تەواوی نابیست نەبوو تا ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی، بەڵام هەر زانینی ئەوەی کە ئەو حاڵەتەی هەیە و تا دێتیش خراپتر دەبێت، بووە ململانێ و ئەشکەنجەیەکی هەمیشەیی لەسەری. تووشی خەمۆکی بوو و تەنانەت بیری خۆکوژی بە مێشکیدا هات. ئازاری ناخی خۆی دەنووسییەوە و هەروەها باسی لەوە دەکرد تەنها

میوزیکە کە ناهێڵێت کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت. ئەزموونی چڕی ئازار و ململانێ بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو ئازارەدا، میوزیکی بتهۆڤنی هێندەیتر پڕ دەکرد لە ڕۆحی مرۆڤانە.



**بتهۆڤن لەسەردەمی گەنجێتیدا**

ژیانی تایبەتی خۆی هیچ خۆش نەبوو. دەکەوتە خۆشەویستی کچان و ژنانی خێرخوازە دەوڵەمەندەکان و خەمۆکی زیاتری بۆ دەهێنا چونکە بەردەوام بە خراپی کۆتایی دەهات. لە دوای کاریگەری یەکێک لە خەمۆکییەکانی نووسیوێتی:

**"هونەر و بە تەنها هونەر، منی ڕزگار کردووە! بۆ من زۆر ئەستەمە ئەم جیهانە بەجێبێڵم بێ ئەوەی هەموو ئەوەی بدەمێ کە هەستم کردووە لە ناخمدا چەکەرە دەکات."**

لە سەرەتای ساڵی ١٨٠١دا بە نارەحەتییەکی زۆردا تێپەڕی لە ڕووی خودی و کەسییەوە. بەپێی هێلیگینستادت تێستامێنت، گەشتبووە سەر لێواری خۆکوشتن. پاش چاکبوونەوەی لە

خەمۆکی، بە بیرۆکە و بۆچوونی نوێوە خۆی فڕێدایەوە ناو کاری موزیک. هەر کەسێکی دیکە بووایە، بەم ڕووداوە کارەسات ئامێزانە دەڕووخا. بەڵام نابیستیی و لەدەستدانی توانای بیستن کە بۆ کەسێکی ئاسایی دەکرێت ببێتە کەمئەندامی و نەنگی بۆی، بە پێچەوانەوە وایکرد بۆ بتهۆڤن ببێت بە خاڵی بەهێزیی. گوێچکەی ناوەراستی هەموو ئەوەی پێدا بوو کە پێویستی بوو بۆ دانانی میوزیکێکی مەزن. لە ناخۆشترین و قەیراناویترین ساڵی ژیانیدا کە دەکاتە ١٨٠٢، سەمفۆنیای ئیرۆیکای نووسی کە یەکێکە لە شاکارەکانی.

## دیالەکتیکی سۆناتا

دینامیکیەت و جووڵەی بەردەوامی میوزیکی بتهۆڤن بە تەواوەتی نوێ بوو. پێشتر میوزیک دانەرەکان بەشی هێمن و بەشی هەژێنەریان دەنووسی، و هەردوو ئەو بەشە بە تەواوی جیا دەکرانەوە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانەوە، بەرهەمەکانی بتهۆڤن بە خێرایی لە بەشێکەوە دەچێتە سەر بەشێکی تر. ئەم میوزیکە گرژییەکی ناوەکیی تێدایە، دژیەکییەکی چارەسەرنەکراو کە پێویستی بەوەیە خێرا بگات بە گونجان و چارەسەر. ئەمە میوزیکی دژیەکییە.

سۆناتا فۆرمێکی لێ وردبوونەوە و دروستکردنی میوزیکە، کە لە ڕوانگەی دینامیکییەتی فۆرمی میوزیکیەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم میوزیکە لە زنجیرەیەک پێکهاتەی دژ بە یەک پێکدێت. تا کۆتایی

سەدەی هەژدەیەم، سۆناتا بووە فۆرمی زۆربەی ئەو میوزیکانەی دەنوسران. هەرچەندە شتێکی نوێ نەبوو، بەڵام لە لایەن هایدن و مۆزارتەوە پەرەی پێ درابوو و بڵاوبووبوویەوە. لەکاتێکدا لە نوسراوەکانی سەدەی هەژدەیەم، تەنها بنچینەکانی سۆناتامان هەیە، نەوەک ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی.

تا ڕادەیەک (تەنها تا ڕادەیەک) ئەمە بابەتی تەکنیکە. ئەو فۆرمەی بتهۆڤن بەکاری دەهێنا، نوێ نەبوو، بەڵام شێوازی بەکارهێنانەکەی نوێ بوو. سۆناتا بە پارچەیەکی خێرا دەست پێدەکات، دواتر پارچەیەکی هێواشتر، دواتر پارچەیەکی شادتر (لە بنچینەدا مینوێتێک، دواتر شێرزۆیەک، کە ڕێک واتە گاڵتەیەک)، پاشان کۆتایی پێدێت بە پارچەیەکی خێرا وەک چۆن دەست پێدەکات.

لە بنەڕەتدا، سۆناتا بە شێوەی (أ-ب-أ) دەڕوات. ئەلفەوە دەچێتە با و دواتر دەچێتەوە یەکەم بەڵام بە پلەیەکی بەرزتر. ئەمە ناوەڕۆکی بیرۆکەی دیالەکتیکییە: جوڵە لەڕێگەی لێکدژییەوە، نەفی نەفی (نێگەیشنی نێگەیشن). ئەمە جۆرێکە لە پێوەری میوزیکی (musical syllogism): خستنەڕوو، بەرەوپێشچوون، دووبارەکردنەوە، یان داڕشتنەوەی بە شێوازێکی دیکە: تێز ، دژە-تێز، کۆ-تێز.

ئەم جۆرە بەرەوپێشچوونە لە هەموو جووڵەکاندا هەیە. بەڵام بەرەوپێشچوونێکی سەرتاسەریش هەیە کە تیایدا تێما و واتا دژبەیەکەکان دواجار لە کۆتاییەکی شاددا یەک دەگرن. لە دوایین

کۆدادا کە پارچە میوزیکی دوا بەشە، دێنەوە سەر کلیلی سەرەتایی، ئەمەش هەستێکی باڵایەتی لە سەرکەوتن دروست دەکات.

ئەم فۆرمە هەوێنی ئایدیایەکی قوڵ لەخۆ دەگرێت و ماتەوزەی بەرەوپێشچوونێکی جدی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت بە کۆمەڵێکی زۆر ئامێری میوزیکی بژەندرێت: پیانۆ بەتەنیا، پیانۆ و کەمانچە، ژێدارەکان، سەمفۆنیاش. داهێنانی پیانۆی مۆدێرن ڕۆڵێکی یاریدەدەری بینی لە سەرکەوتنی سۆناتادا. ئەم ئامێرە توانای دەربڕینی هەموو جوڵە و دینامیکیەتێکی ڕۆمانسیزمی هەبوو. ئەمە لە کاتێکدا؛ کە پیانۆی پلیکانەیی و پیانۆی کۆن تەنها بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک یاساوە کە نەدەتوانرا ئەمەی پێبکرێت.

پەرەپێدانی سۆناتا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا، زۆر پێشکەوتووتر بوو. گەشتە ئەو خاڵە بەرزە لە سەمفۆنیاکانی مۆزارت و هایدن. دەکرێت لە ڕوویەکەوە بگوترێ کە سەمفۆنیاکانی بتهۆڤنیش درێژەپێدەر و بەردەوامی ئەمانە بوون، بەڵام لە ڕاستیدا شوناسی سەرەکی و فەرمی هەر کارێک توانای شاردنەوەی جیاوازییەکی سەرەکی هەیە.

لە بنەڕەتدا، فۆرمی سۆناتا زاڵ بوو بەسەر ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەیدا(زاڵبوونی فۆرم بەسەر ناوەڕۆکدا). میوزیکدانەرە کلاسیکەکانی سەدەی هەژدەیەم تەنها گوێیان بەوە دەدا کە فۆڕمەکە بە ڕاستی دابنێن (جگە لە مۆزارت)، بەڵام لەگەڵ بتهۆڤندا، ناوەڕۆکی ڕاستەقینە دواجار ئاوێتەی فۆڕم دەبێتەوە.

## ناکۆکییە ناوەکییەکان

سەمفۆنیاکانی بتهۆڤن نیشاندەری دابڕانێکی گەورەیە لەگەڵ ڕابردوودا. ئەگەر فۆرمەکانیان هاوشێوە بێت، ناوەڕۆک و ڕۆحی میوزیکەکە بە زەقی جیاوازە. بۆ بتهۆڤن و هەموو ئەو ڕۆمانتیکانەی(ئەوەی گرنگە بەلای بتهۆڤن و هەموو ئەو ڕۆمانتیکانەی شوێنپێی ئەمیان هەڵگرتبوویەوە تەنیا فۆڕم و ڕاگرتنی هاوسەنگی نییە لە فۆڕمدا، بەڵکو ناوەرۆکە. بێگومان بتهۆڤن ئەو هاوسەنگییەی گەلێک جار دەشکاند، لە میوزیکی ئەودا ناسازی و نەشازی زۆری تێدایە، کە ڕەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی ناخی خۆیەتی.

لە ساڵی ١٨٠٠دا یەکەم سەمفۆنیای نوسی، کە کارێک بوو هێشتا ڕەگوڕیشەی کارەکانی هایدنی تێدا بوو. کارێکی شادە و زۆر خاڵییە لەو ڕۆحی ناکۆکی و ململانێیەی کە مۆرکی کارەکانی دواترێتی.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە هیچ پێشینەک و زەمینەیەک دروست ناکات بۆ کارەکانی داهاتووی. سۆناتای پیانۆی پەرۆش یاخود ئۆپەس ١٣ بە گشتی جیاوازە. بە تەواوی جیاوازە لە  سۆناتای پیانۆکانی هایدن و مۆزارت. بتهۆڤن زۆر کاریگەریی تیۆری شیلەری لەسەر بوو لە بارەی تراژیدیا و هونەری تراژیدییەوە، کە تەنها بە چەشتنی ئازار نەیدەدی، بەڵکو لەسەرووی هەمووشتێکەوە بە ململانێ و جەنگی خۆڕاگری دژی چەشتنی ئازار دەیبینی.

ئەو پەیامە بە ڕوونی لە جوڵەی یەکەمدا گوزارشتی لێکراوە، کە

تێکەڵەیەکە لە دەنگی ئاوێتە و نەشاز. (لەم لینکەوە گوێگری ئەم میوزیکە بن)

https://www.youtube.com/watch?v=kqvBJc9IovI

ئەم کۆردە ناڕوونانە بەرەو ناوەڕاستی ڕاڕەوێکی ئاڵۆز دەڕۆن کە خۆڕاگری بەرامبەر ئازار نیشان دەدات. ئەم ناکۆکییە ناوەکییە وایکردووە میوزیکی بتهۆڤن جیاواز بێت لە موزیکی سەدەی هەژدەیەم. ئەوە دەنگی چەرخێکی نوێیە: دەنگێکی بە گرمە کە دەبێت ببیسترێت.

ئەو پرسیارەی کە دەبێت بخرێتەڕوو ئەوەیە؛ چۆن ئەم جیاوازییە گەورەیە ڕوون یکەینەوە؟ وەڵامی کورت و ئاسان ئەوەیە کە بڵێین ئەم شۆڕشە میوزیکییە بەرهەمی هزری بلیمەتێکە. ئەوە ڕاستە، لەوانەیە بتهۆڤن مەزنترین بلیمەتی میوزیک بێت لە مێژوودا، بەڵام ئەوە وەڵامێکە کە لە ڕاستیدا وەڵامی هیچ شتێک ناداتەوە. هۆی چییە ئەم زمانە تەواو تازەیەی میوزیک ڕێک لەم کاتەدا سەر هەڵدەدات نەک ١٠٠ ساڵ پێشتر؟ هۆی چییە نە مۆزارت و نە هایدن و نە باخ ئەمەیان نەکرد؟

جیهانی دەنگیی بتهۆڤن لە دەنگی جوان و خۆشیبەخش پێک نایەت وەک لە میوزیکی مۆزارت و هایدندا هەبوو. خۆشیی بە گوێچکە نابەخشێت و وا ناکات بیسەرانی پێکانیان بە زەویدا بدەن و سەما بکەن و نۆتە خۆشەکان بڵێنەوە. بەڵکو ئەمە دەنگێکی ڕەقە، تەقینەوەیەکی میوزیکییە، شۆڕشێکی میوزیکییە کە پەیامی ڕۆحی هەموو کات و سەردەمەکان دەگەیەنێت. بتهۆڤن

گەلێک جار ئاڕاستەی سفۆرزاندۆ بەکاردێنێ کە نیشانەی هێرشە. ئەمە میوزیکێکی بەهێزە، پڕە لە جووڵە، لە گۆرانی هەستەکان بە شێوەیەکی خێرا، ناکۆکی، هەروەها هەمەچەشن.

لەگەڵ بتهۆڤندا، سۆناتا زۆر گەشە دەکات و پێ دەنێتە قۆناغێکی زۆر بەرزترەوە لە ڕووی جۆر و کوالێتییەوە، ئەو سۆناتای لە تەنیا فۆڕمێکەوە گۆڕی بۆ فۆرمێکی بەهێزتر. لە هەندێک لە سۆناتاکانیدا نووسیوێتی (سۆناتا وەک فانتازیایەک) کە دەریدەخات بە دوای ئازادی ڕەهاوە بووە بە گوزارشت لە ڕێگەی سۆناتاکانیەوە. لێرەدا ڕەهەندەکانی سۆناتا زۆر فراوانتر بوون بە بەراورد لەگەڵ فۆرمە کلاسیکەکەی. لەسەروو هەموویەوە، چیدی دوا پارچەکەی تەنها کورتکراوە نییە، بەڵکو بەرەوپێشچوونێکی تەواوە.

کاتێک فۆڕمی سۆناتای بەسەر سەمفۆنیاکاندا جێبەجێ دەکرد، دەگەشتە پلەیەکی بێ وێنە و نەبیستراوی باڵایەتی و دەسەڵات. ئەو پڕ-وزەییەی کە باڵ دەکێشێت بەسەر سەمفۆنیای پێنجەم و سێیەمیدا، بەڵگەی پێویستی ئەوەن. ئەمە میوزیکێک نییە بۆ گوێلێگرتنێکی ئاسان و کات بەسەربردن. ئەمە میوزیکێکە جووڵە دێنێتە کایەوە، هەژاندن و شێواندن دروست دەکات. ئەمە دەنگی یاخیبوونە لەناو میوزیکدا.

ئەوە ڕێکەوت نییە کە شۆڕشی میوزیکی بتهۆڤن ڕەنگدانەوەی شۆڕشێک بێت لە ژیانی ڕاستەقینەدا. بتهۆڤن منداڵی سەردەمەکەی خۆی بوو، منداڵی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی.





بتهۆڤن میوزیکی لەناو جەرگەی ئەم شۆڕشەدا دادەنا، هەر بۆیە ڕۆحی شۆڕش ئاوێزانە لەگەڵ تاک بە تاکی نۆتەکانیدا. گەر بمانەوێت لە دەرەوەی ئەو شوێن و کاتەی بتهۆڤن خۆی تێدا بووە لە میوزیکەکانی تێبگەن، ئەوا نزیکی مەحاڵ و ئەستەم دەبینەوە.

بتهۆڤن هەموو میوزیکەکانی دیکەی پاڵ پێوەنا، هەروەک چۆن شۆڕشی فەڕەنسی توانی هەموو دەرەبەگەکانی ڕابردوو پاڵ پێوە بنێت. ئەمە جۆرێکی نوێی میوزیک بوو، میوزیکێک کە چەندین دەرگای بۆ میوزیک دانەرانی داهاتوو کردەوە، بەهەمان شێوەی شۆڕشی فەڕەنسی، کە دەرگای بۆ سۆسیال دیموکرات و ئازادی ڕادەربڕینی کۆمەڵگا کردەوە.

نهێنی ناواخنی میوزیکی بتهۆڤن چڕترین ناکۆکییە. ئەوە ناکۆکییەکە کە گڕ دەگرێت لە هەموو میوزیکی بتهۆڤندا و دەگاتە بەرزترین خاڵەکانی لە حەوت سەمفۆنیاکەی کۆتاییدا، کە دەسپێکەکەی سەمفۆنیای سێیەمێتی و ناسراوە بە ئیرۆیکا. ئەوە خاڵی گۆڕانی راستەقینە بوو لە پەرەسەندنی میوزیکی بتهۆڤندا هەروەها لە مێژووی میوزیکیشدا بە شێوەیەکی گشتی. ڕەگی ئەم شۆڕشە میوزیکییەش دەبێت لە دەرەوەی میوزیک بدۆزرێتەوە، کە بریتییە لەناو خودی مێژوو و کۆمەڵگا.

## سەمفۆنیای ئیرۆیکا

خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی بتهۆڤن و پێشکەوتنی میوزیکی ڕۆژئاواییدا، ئامادەکردنی سەمفۆنیای سێیەمی بتهۆڤنە کە ناسراوە بە ئیرۆیکا. تا ئێستا زمانی میوزیکی سەمفۆنیای یەکەم و دووەمی جیاوازییەکی ئەوتۆی لێ نەدۆزراوەتەوە، بە بەراورد بە کارەکانی مۆزارت و هایدن. بەڵام هەر لەگەڵ یەکەم نۆتەکانی ئیرۆیکادا، دەچینە جیهانێکی تەواو جیاوازەوە، ئەوە زۆر باش زانراوە کە میوزیکەکە بابەتێکی سیاسی لە پشتە.

بتهۆڤن میوزیکژەن بوو، نەوەک سیاسەتمەدار، لەبەر ئەمە ئەو زانیارییانەی لە بارەی فەڕەنساوە هەیبوو تێکەڵ و ناتەواو بوون، بەڵام هەرگیز لە غەریزە شۆڕشگێڕانەکانی خۆی نەدەکەوت، ئەمەش بەس بوو بەوەی بگات بە دەرئەنجامی ڕاست و دروست. هەواڵێکی بیستبوو لەبارەی سەرهەڵدانی ئەفسەرێکی گەنجەوە لە سوپای شۆڕشگێڕان بەناوی بۆناپارتەوە. وەک زۆر کەسی دیکە، ئەویش باوەڕی وابوو کە ناپلیۆن درێژە پێدەری شۆڕش و پارێزەری مافەکانی مرۆڤە. لەبەر ئەمە، سەمفۆنیا نوێکەی بۆ ناپلیۆن بۆناپارت تەرخان کرد.

ئەوە هەڵەیەک بوو، بەڵام هەڵەیەک بوو کە بە تەواوی شایەنی تێگەشتنە. ئەوە هەمان ئەو هەڵەیەیە کە خەڵک پێیوابوو ستالین میراتگری لینینە و هەروەها پارێزەری ئەو بیروبۆچوونانەیە کە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستیدا بوونیان هەبوو. بەڵام وردە وردە دەرکەوت، کە ئەم پاڵەوانە لەو بیر و بۆچوونانە دوور





دەکەوتەوە و دادەبڕا و خەریکی دروستکردن و بەهێزکردنی ڕژێمێک بوو کە تیایدا هەندێک لە خراپترین تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆریەتی کۆنی دووبارە کردەوە.

لە ساڵی ١٧٩٩دا کودەتاکەی بۆناپارت کۆتاییەکی یەکلاکەرەوەی بۆ سەرکەوتنی ماوەی شۆڕش دانا. لە ئابی ساڵی ١٨٠٢دا، ناپلیۆن بە هێزەوە توانی زەمانەتی دەسەڵات بۆ ژیانی بکات، تەنانەت بۆ دەسەڵاتی داهاتووی شوێنگرەوەی. ئەندامێکی ئەنجوومەنی پیران لێی پاڕایەوە بۆ دووبارە بەکارخستنەوەی یاسای میراتگری "بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە ئازادیی گشتی و هێشتنەوەی یەکسانی". بە ناوی "ئازادی" و "یەکسانی"یەوە خەڵکی فەڕەنسا بانگهێشت دەکران تا لە سێدارە بدرێن.

ئەمە هاوشێوە بووە بۆ هەموو ئەوانەی کە بەهێز و کودەتا دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست لە هەموو مێژوودا. ئیمپراتۆر ئەغستوس (Augustus) سیما و فۆرمە دەرەکییەکانی کۆماری ڕۆمانی هێشتبووەوە، بە ڕووکەش ملکەچییەکی ناڕاستی پیشان دەدا بۆ ئەنجوومەنی پیران، لە کاتێکدا بە شێوەیەکی سیستماتیکی خەریکی بەلاڕێدا بردنی دەستوری کۆماریی بوو. زۆری نەبرد کە جێگرەکەی (Caligula) کە بە ئەسپی پێشبڕکێکەی خۆی دەزانی کردە سیناتۆر، کە ئەمە ستایش و دەستخۆشییەکی واقیعی دۆخەکە بوو.

ستالین، سەرکردەی سیاسیی دژە-شۆڕشی ڕوسیا، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە درێژەپێدەری خەبات و تێکۆشانی لینین بێت، لە کاتێکدا هەموو بیرو بۆچوونەکانی لینینیزمی خستبووە ژێر پێی.

بەشێوەیەکی بەرەبەرە و لەسەرخۆ، هەموو بیر و بۆچوونەکانی پرۆلیتارەکان (چینی کرێکار)ی یەکێتیی سۆڤیەت، گۆڕی بۆ فیکری نایەکسانیی، بیۆرۆکراتیەت و دیکتاتۆریەت. ئەو پلەدار و خاوەن ئیمتیازانەی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لە سوپا لادرابوون، دووبارە هێنرانەوە، بایەخی زۆری بە نۆرمەکانی ناو خێزاندا و تا ئاسمان بەرزی کردنەوە، تەنات ستالین ڕۆڵی بۆ کڵێسای ئۆرسۆدۆکسی دۆزییەوە کە بووبوو بە خزمەتکارێکی دڵسۆزی ڕژێمەکەی. بە هەموو ئەوانەشەوە، تەنها بە ڕێیەکدا دەڕۆشت، کە پێشتر ناپلیۆنی گۆڕهەڵکەنی شۆڕشی فەرەنسی پیایدا ڕۆشتبوو. بۆ دۆزینەوەی ڕێپێدراویی و شکۆ بۆ دیکتاتۆرییەتەکەی، ناپلیۆن هەموو ئەو شتانەی دووبارەکردەوە کە ڕژێمی پێشووی کردبوویان: ناونیشانی ئەرستۆکراتی، یەکپۆشیی سەرسوڕهێنەر، دانانی پلەوپێگە، وە بە دڵنیاییەوە، گەڕانەوە و بەکارهێنانی ئایینیش. شۆڕشی فەڕەنسی بە تەواوی کڵێسای کاتۆلیکی سڕیبووەوە. زۆرینەی خەڵک ڕقیان لە کڵێسا دەبووەوە، بێجگە لەوانەی کە لە ناوچە زۆر دواکەوتووەکانی وەک ڤێندیی دەژیان، ئەوانەی کە ڕاهاتبوون لەگەڵ فەرمانڕەوایەتی سەرکوتکەرانی دەسەڵاتی پێشوودا بژین. ناپلیۆن دەیویست پشتگیری کڵێسا بۆ ڕژێمەکەی بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەمە پەیمانێکی بەست لەگەڵ پاپادا.

لە دوورەوە، بتهۆڤن ئاگاداری هەموو بەرەوپێشچوونەکانی فەڕەنسا بوو. لە سەرەتای ساڵی ١٨٠٢دا بۆچوونەکانی بیهۆڤن سەبارەت بە ناپلیۆن دەستی بە گۆڕان کردبوو. لە نامەیەکی ئەو ساڵەدا کە بۆ هاوڕێیەکی ناردووە، دەنوسێت:

**"خەریکە هەموو شتەکان دەگەڕێنەوە باری جاران دوای ئەوەی ناپلیۆن ئەو پەیماننامەیەی لەگەڵ پاپادا ئیمزا کردووە".**

بەڵام هێشتا زۆر لەوەش خراپتر بەڕێوە بوو، لە ١٨ی ئایاری ساڵی ١٨٠٤دا، ناپلیۆن بوو بە ئیمپراتۆری فەڕەنسا. مەراسیمی تاج لەسەرنانیشی لە ٢ی کانونی یەکەم لە کڵێسای نۆتردام بەڕێوەچوو. لەو کاتەی کە پاپا زەیتی پیرۆزی دەهێنا بەسەری ستەمکارەکەدا، هەرچی دامودەزگا کۆمارییەکان بوون ئاسەواریان نەمابوو. لەجێی سادەیی و خاکێتیی سیستەمی کۆماریدا، هەموو شتە گرانبەها و سەرسوڕهێنەرەکان دانرابوون بە مەبەستی گاڵتەپێکردنی یادی ئەو شۆڕشە مەزنەی کە ژنان و پیاوانی مەزن گیانی خۆیان بۆ کردبووە قوربانی. کاتێک بتهۆڤن بەمەی زانی، ئاگری تووڕەیی لە ناخیدا زیاتر کڵپەی کرد. بە تووڕەییەوە خەتی بەسەر نۆتەی ئەو سیمفۆنیایەدا دەهێنا و ڕەشیدەکردەوە کە پێشکەشی ناپلیۆنی کۆدبوو. دەستنووسەکەی هێشتا ماوە، سەراپا کون و دڕاوییە کە ئەمەش بە ڕوونی تووڕەیی بتهۆڤن دەردەخات لەو کاتەدا. ڕاستەوخۆ دوای ئەمە، ئەو میوزیکەی پێشکەش کرد بە پاڵەوانێکی نەناسراوی شۆڕش: لەوێوە سەمفۆنیای ئیرۆیکا هاتە دنیاوە.

بەرهەمە ئۆرکێسترایی‌یەکانی بتهۆڤن دەستیان بە بەرهەمهێنانی دەنگانێک کردبوو کە هەرگیز پێشتر نەبیسترابوون. بەمەش ئەو خەڵکەی ڤییەنای سەرسامکردبوو، کە پێشتر بە نۆتە هێمن و خۆشیهێنەکانی مۆزارت و هایدن ڕاهاتبوون. ئەمە لە کاتێکدا کە دوو سەمفۆنیای یەکەمی بتهۆڤن هێشتا هێمنن و سیمای

ئەرستۆکراتی سەدەی هەژدەیەمی پێوە دیارە. ئیرۆیکا جیابوونەوە و دابڕانێک نیشان دەدات، دابڕانێکی پێشکەوتووانە لە میوزیکدا، ئەمەش بووبە شۆڕشە ڕاستەقینەکەی. ئەو میوزیسیانە بەدبەختانەی یەکەمجار ئەمەیان ژەنیوە دەبێت تووشی چ ڕاڕاییەک هاتبن!

ئیرۆیکا هەست بزوێن بوو. تا ئەو کاتە، بە لایەنی زۆرەوە سەمفۆنیا تا نیو کاتژمێری پێدەچوو. تەنها پارچەی یەکەمی ئیرۆیکا بەقەد سەمفۆنیایەکی سەدەی هەژدەیەمی پێچوو. هەروەها کارێک بوو کە پەیامێکی پێبوو: کارێک کە شتێکی هەیە بۆ گوتن. ئەو یەکنەگرتوویی و توندییەی کە لە پارچەی یەکەمیدا هەیە، بە ڕوونی نیشانەی خەبات و ململانێیە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە خەبات و ململانێیەکی شۆڕشگێڕانە خەریک بوو سەرپێ دەکەوت.

ترۆتسکی ئەوەی بەدی کردبوو کە شۆڕشەکان ئەو دۆخ و ساتانەن کە دەنگەکان تێیدا بڵند و زوڵاڵن. یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی شۆڕشی فەڕەنسی، هونەری ووتاربێژییەکەی بوو. چەند ووتاربێژێکی مەزن ڕۆڵیان لە شۆڕشی فەڕەنسیدا هەبوو: دانتۆن، سەینت جەست، ڕۆبسپیەر، تەنانەت میرابۆ پێش ئەوان، کە ئەم مرۆڤانە قسەیان دەکرد، تەنها ڕوویان لە جەماوەرێک نەبوو: ئەوان بۆ نەوەی ئایندە قسەیان دەکرد، بۆ مێژوو دەدوان. هەروەها وتارەکانیان پڕ بوو لە ڕەوانبێژی. قسەیان نەدەکرد، بەڵکو بە ڕاستی دەدوان و بۆ خەڵک دەهاتنەگۆ. وتارەکانیان بە دەستەواژەیەکی هەژێنەر دەستی پێدەکرد، کە

بابەتی سەرەکی دەخستەڕوو، دواتر بە چەندین شێوە بەرەوپێش دەبرا پێش ئەوەی لەکۆتاییدا بە دووپاتکراوەیی دەربکەونەوە.

ئیرۆیکاش بە هەمان شێوە قسە ناکات، بەڵکو بۆ ئامادەبووان دەدوێت. یەکەم بەشی ئەم سەمفۆنیایە لە دوو بەشی پچڕپچڕ پێکدێت، کە هاوشێوەی ئەو دەنگەیە لە دەرئەنجامی کێشان بە مێزێکدا پەیدا دەبێت، سەرنجی دەوێت، هەروەک وتاربێژێکی شۆڕش. بتهۆڤن میوزیکێکی وەک دەنگی سوپای ئەسپسواری دێنێتە مەیدان کە زوو زوو بە پێکدادانی گەورە دەنگەکەی پێدەبڕێت، بە ناکۆکی و دژیەکییەوە، هەروەها تەنانەت بەهۆی شەکەتبوونەوە، ساتی کورت کورت ڕایدەگرێت، تەنیا بۆ ئەوەی جارێکیتر دەست بە سەرکەوتنەکەی بکاتەوە بە ئاڕاستەی کۆتایی پێهێناندا. لەم پارچەیەدا لە چەقی شۆڕشداین بە هەموو وردەکاری و لێشاوەکانییەوە (لەم لینکەوە گوێگری ئەو میوزیکە بن

https://www.youtube.com/watch?v=iukF5CzRL1I)،

ئەمە چەقی شۆڕشی فەڕەنسییە بە هەموو سەرکەوتن و شکستەکانییەوە، بە هەموو هەڵکشان و داکشانەکانییەوە. ئەمە **شۆڕشی فەڕەنسی**یە لە میوزیکدا.




پارچەی دووهەمی، یادی بەخاکسپاردنە- بە یادی پاڵەوانێکەوە. ئەمە شاکارێکی زۆر گەورەیە کە هێندەی بەردی گرانێت قورس و ڕەقە. (لەم لینکەوە گوێگری ئەو میوزیکە بن https://www.youtube.com/watch?v=DQoPXQ-z-Pw&feature=youtu.be) ئەم پرسە خەمناکە تێکەڵکێشی چەن نۆتێک دەبێت، کە سەرکەوتن و گەورەیی ئەو کەسە دەردەخات ژیانی خۆی بەخشیوەتە شۆڕش. لە ناوەڕاستی ئەم پارچەیەدا دەنگێکی چڕ و گەورە دروست دەبێت کە دەربڕینی خەمێکی زۆر گەورەیە و بەرگە ناگیرێت، واتا پێش گەڕانەوە بۆ بابەتی سەرەکی کە پرسەکەیە، ئەم دەنگە دێت. ئەمە یەکێکە لە ساتە هەرە گرنگەکانی میوزیکی بتهۆڤن- یاخود هەر میوزیکێکی دی.

دوا پارچەی ڕۆحێکی تەواو جیاوازە، سەمفۆنیاکە بە

گەشبینییەکی زۆرەوە کۆتایی دێت. دوای هەموو بەزین و نسکۆ و نائومێدییەک، بتهۆڤن پێمان دەڵێت: "بەڵێ، هاوڕێکەم، ئازارێکی زۆرمان چەشت بەو دۆڕان و لەدەستدانە  بە ئازار و بەسوێیە، بەڵام دەبێت کە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەینەوە و بەشێکی نوێ دەست پێبکەین. ڕۆحی مرۆڤ هێندە بەهێزە کە بتوانێت بەسەر هەموو تێکشانەکاندا زاڵ بێت و بەردەوام بێت لە شەڕەکە. **"دەبێت فێربین بە سەختی و نەهامەتیی پێبکەنین.**

وەک هەموو شۆڕشگێڕە مەزنەکانی فەڕەنسا، بتهۆڤن بڕوای وابوو کە بۆ نەوەی ئایندە دەنووسێت. کاتێک میوزیکژەنێک گلەیی بکردایە و بیگوتایە کە ناتوانێت میوزیکەکەی بتهۆڤن بژەنێت، بتهۆڤن لە وەڵامدا دەیگوت:

**"دڵ لە دڵ مەدە، ئەمە میوزیکێکە بۆ داهاتوو".**

زۆرێک لە هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی بتهۆڤن لەم شۆڕشە هونەرییە نەدەگەیشتن کە بتهۆڤن بەرپای کردبوو. میوزیکی بتهۆڤن بەلایانەوە سەیر و سەمەرە بوو، بێ ئەقڵانە بوو، تەنانەت شێتانە بوو. فەلەستینییە کۆنەکانی لە دالْغە ئارامەکانیان ڕادەپسکاند. گوێگرانی حەزیان لێ نەبوو ڕێک لەبەرئەوەی وایلێدەرکردن بیر بکەنەوە.

بە دڵنیاییەوە، کەموکورتی لە ساتە گرنگە لیریکی و تایبەتەکانی بتهۆڤندا نییە، وەک لە سەمفۆنیای شەشەمیدا لەگەڵ بەشی سێهەمی سەمفۆنیای نۆهەمیدا دەبینرێت. تەنانەت لە ڕەقترین و

توندترین ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککەوتنە جەنگئاساکانیشدا، ساتی لاواندنەوە و ئارامکەرەوەی تێدایە، بەڵام ئەم لاواندنەوەیە زۆر ناخایەنێت و تەنها پێشەکییەکە بۆ ململانێ و خەباتێکی نوێ.

تێما و بابەتە سەرەکییەکانی بتهۆڤن مانای شتێکیان دەگەیاند. بە دڵنیاییەوە ئەوانە بەرنامەیەکی دەستکرد و بێ ناوەڕۆکی میوزیکی نەبوون. هاوشێوەترینیان بە بەرنامەیەکی روونەوە، سەمفۆنیای شەشەمە، پاستۆرێل، کە هەر پارچەیەکی بە نۆتەیەک دەست پێ دەکات کە هەستێک دەردەبڕێت ("هەستە خۆشەکان لە کاتی گەشتن بە گوندەکان؛ "لەلای جۆگەلە ئاوەکە"؛ پێکەوە هەڵپەڕین و خۆشڕابواردن"). بەڵام ئەمە هەڵاوێرد و تایبەتە. مانای ئەو بابەت و تێمایانە زیاتر واتایی و گشتین، لە کاتێکدا کارکرد و ئەرکەکانیان چونیەکە.

## سەمفۆنیای پێنجەم

ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانە هەموو پارچەیەکی سەمفۆنیاکانی بتهۆڤن دەبزوێنێت، بە تایبەت پێنجەم. پارچەکانی یەکەمی ئەم سەمفۆنیایە (لەم لینکەوە گوێگری میوزیکەکە بن (https://www.youtube.com/watch?v=fOk8Tm815lE) چوێنراوە بە لە دەرگا دانی چارەنووس. ئەو گرمەی چەکوشانە ڕاپسکێنەرترین پێشەکییە لە مێژووی میوزیکدا. نێکۆلاس هەرنانکۆرت لەبارەی ئەم سەمفۆنیایەوە دەڵێت:

"ئەمە میوزیک نییە؛ ئەمە هاندانێکی سیاسییە. ئەمە پێمان دەڵێت:





ئەو جیهانەی ئێمەی تێیدا دەژین باش نییە. با بیگۆڕین! با دەست پێبکەین!" هەروەها میوزیکناس جۆن ئیلیەت گاردنەر سەبارەت بەم سەمفۆنیایە ئەوەی دۆزیوەتەوە کە ئەم سەمفۆنیایە لە گۆرانییەکانی شۆڕشی فەڕەنسییەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەمە یەکەم سەمفۆنیای ڕیکخراوە چونکە لە کلیلی لاوەکی بۆ سەرەکی دەڕوات. هەرچەندە ئەم شێوازە پێشتر بەرجەستە کرابوو، بەڵام ئەو پێشکەوتن و دیالەکتیکەی لەم سەمفۆنیایەدا بەرجەستە کراوە، بێوێنەیە. ڕێک وەک شۆڕشەکە، زنجیرە میوزیکییەکانی ئەم سەمفۆنیایە ڕەنگدانەوەی زنجیرە ڕووداوەکانی شۆڕشە. بە ململانێ و ناخۆشی زۆردا تێپەڕ دەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا بە سەرکەوتنێکی دڵخۆشکەر کۆتایی دێت.

پەیامی سەرەکی سەمفۆنیای پێنجەمی بتهۆڤن بریتییە لە خەباتکردن و جەنگان و سەرکەوتن بەسەر هەموو ڕێگاکاندا. ڕەگی ئەم سەمفۆنیایە ڕوونتر لە شۆڕشی فەڕەنسیدا دەبینرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم پەیامە بەستراوەتەوە بە ئەو شۆڕشە یاخود هەر ڕووداوێکی دیکەوە کە هاوکاتبووە لەگەڵ ئەمەدا. لە هەر بارودۆخێکدا بێت پەیامەکە هەر وەک خۆیەتی: پێویستە بجەنگین! هەرگیز کۆڵ نەدەین! لە کۆتاییدا بە دڵنیاییەوە، براوە دەبین!

هێشتا بتهۆڤن لە ژیاندا بوو کاتێک ئەڵمانییەکان گوێبستی ئەم میوزیکە بوون، تا دژی داگیرکەرە فەڕەنسییەکان بجەنگێن کە نیشتمانیان داگیر کردبوون. لە ناوبەندی جەنگی جیهانیی

دووهەمدا، پێشەکی ئەم سەمفۆنیایە کە بە ڕێکەوت پیتی Vی تێدایە کە نیشانەیە بۆ Victory واتا سەرکەوتن (بەکار دەهێنرا بۆ هاندانی فەڕەنسییەکان دژی داگیرکەرە ئەڵمانییەکان. کەواتە، میوزیکی مەزن بۆ چەندین سەدە دەمێنێتەوە و خۆی قسە دەکات و بۆ خەڵک دەدوێت.

بتهۆڤن بە هەموو مانای وشەکە شۆڕشگێڕ بوو. ئەو میوزیکەی ئەم دایدەنا هەرگیز پێشتر نەبیسترابوو. جگە لەمە، میوزیک تەنها بۆ ئەرستۆکراتییەکان بوو. جۆزیف هایدن کاری بۆ خێزانی ئێستەرهازی دەکرد بۆ زیاتر لە سی ساڵ. موزیکەکەی وا دانرابوو کە تەنها خۆشیی ببەخشێتە ئەرستۆکراتییەکان. بێگومان ئەوەش میوزیکێکی زۆر گرنگە، بەڵام میوزیکی بتهۆڤن جیهانێکی دیکەیە.

**ئێگمۆنت**

تاکە ئۆپێرای بتهۆڤنە، کە لە بنەڕەتدا بە لیۆنۆرا ناسرابوو، هەروەها ژنێکیش تەوەری ئەم کارەیەتی. لیۆنۆرا لە ساڵی ١٨٠٥دا نووسرابوو کاتێک کە سوپای فەڕەنسی هاتە ڤییەناوە. لە یەکەم شەوی پێشکەشکردنی ئەم ئۆپێرایەدا، زۆرینەی جەماوەرەکەی ئەفسەرە فەڕەنسییەکان و خانمەکانیان بوون. بەهەمان شێوەی ئێرۆیکا، بەڕوونی نۆتەی شۆڕشگێڕی زاڵ بوو بە سەریدا بە تایبەت لە کۆرسی زیندانییەکاندا. ئەو زیندانییە سیاسییانەی لە تاریکی زیندانەوە دەهاتنە ناو ڕووناکی ڕۆژ

گۆرانی دەڵێن: **"ئای چ خۆشییەکە هەناسەی ئازادی..."** ئەوە بە تەواوی گۆرانییەکە بۆ ئازادی، کە بەشێکی گەورەی بتهۆڤن و هزری بتهۆڤن و کارەکانی.

بە هەمان شێوە، ئەم میوزیکە دەکرێ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە شۆڕشگێڕانەیەی تێدا بێت کە لە زەوییە نزمەکان (هۆڵەندا) دژی داگیرکەرە ئیسپانییەکان ڕوویان دەدا. ئێگمۆنتی مێژووی خانەدانێکی فەلەمنگی بوو لە سەدەی شانزدەهەمدا، ئەو چەرخە تۆقێنەرەی تیایدا هۆڵەندا لەلایەن ئیسپانییەکانەوە داگیرکرا. سەربازێکی جەربەزە و بەهرەمەند بوو کە شەڕی بۆ ئیسپانییەکان دەکرد. سەرەڕای ئەو دڵسۆزییەشی لێی کەوتنە گومان. لە ٥ ی حوزەیرانی ساڵی ١٥٦٨دا لە برۆکسل سەریان پەڕاند.

بتهۆڤن چیرۆکی ئێگمۆنتی لە تراژیدیایەک بە ناوی ئێگمۆنت کە گۆتە لە ساڵی ١٧٨٨دا نووسیبووی، خوێندبووەوە کە دەکاتە یەک ساڵ پێش شۆڕشی فەڕەنسی. لەم نووسینەدا، ئەم ئێگمۆنتەی ئێستا پەیکەرێکی هەیە لە برۆکسل، وەک پاڵەوانێکی هۆڵەندییەکان دژی ئیسپانییەکان باسکراوە. بتهۆڤن ئەم شانۆگەریەی گۆتەی کرد بە میوزیک. ئێگمۆندی بە سیمبۆلی شۆڕش دەزانی دژی زۆرداری لە هەموو کات و وڵاتێکدا. بە گێڕانەوەی بابەتەکە و ئاماژەپێدان بە سەدەی شانزدەهەم، بتهۆڤن خۆی بە دوور دەگرت لەوەی بە هاندان تۆمەتبار بکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر هاندەر بوو.

بەداخەوە کە ئەمڕۆ تەنها پێشەکییەکەی ئێگمۆنت ناسراوە. ئەمە جێی نیگەرانییە چونکە ئێگمۆنتەکەی بتهۆڤن بابەتی گرنگی دیکەشی تێدایە. دوا وتەی ئێگمۆنت کە لە ڕێی مردنیدا بە هێمنی وتوویەتی وەک وتەیەک دژی زۆرداری و بانگەوازێک بۆ ئازادیی خەڵک تاکو شۆڕش بەرپا بکەن، گەر پێویستی کرد، ژیانی خۆشیانی بۆ دانێن. دوا دێڕەکانێتی ئەمەن:

*بۆ پێشەوە، ئەی خەڵکی باش!خواوەندی*

*سەرکەوتن ڕابەرایەتیتان دەکات، دەریا*

*بەناو کەلێن و توێی توێژەکاندا فشار دەکا، بۆیە*

*شورا و تاراجی زۆرداری دەڕوخێنێ و ڕادەماڵێت*

*نوقم و نغرۆی ئەو خاکەیان دەکات*

*کە داگیری دەکەن*

*گوێ بگرن! گوێ بگرن! چەندەها جار ئەو دەنگە*

*بانگی هاتنەدەرەوەی بە خرۆش دەکات*

*بەرەو مەیدانی جەنگ و*

*سەرکەوتن! هەنگاو بنێم*

*هاوڕێیان چەند بە ئاسوودەیی*

*بەسەر ڕێ سامناکەکان بازیان هەڵدەدا!*

منیش لەم زیندانەوە هەنگاو دەنێم

بەرەو مردنێکی شەرەفمەندانە

بۆ ئەو ئازادییە دەمرم کە بۆی ژیام و جەنگام

ئەو ئازادییەی ئێستا خۆمی پێشکەش دەکەم وەک قوربانییەکی خەمبار

پلە و پایەکانتان داخەن، نامترسێنن

من ڕاهاتووم لە وەستان لە نێوان تیرەکان

لە گەمارۆی مردنێک کە خەریکە ڕوودەدات

تا هەست بە خوێنی ژیانە بەجەرگەکەم بکەم

دوو جار بە خوێنبەرەکانمدا بە خێرایی دێن و دەچن

هاوڕێیان، ئازایەتییان کۆبکەنەوە!

ئەوانەی لە پشتتانن دایباب و خێزان و منداڵەکانتانن

بەڵام ئەوان بە وشەی بەتاڵی فەرمانڕەواکەیان

حوکم دەکرێن نەک بە ویستی خۆیان

هاوڕێیان، داکۆکی لەوە بکەن کە هەتانە!

وە بە دڵخۆشییەوە بمرن بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی

زۆر خۆشتاندەوێن

دوای من کەون.

دوای ئەم وشانە سەمفۆنیای سەرکەوتن دێت، کە کارەکە بە پریشکێکی ئاگر کۆتایی دێنێت. (لەم لینکەوە گوێگرە بن https://www.youtube.com/watch?v=_cTBHyO_7wA). بەڵام چۆن کەسێک دەتوانێت تراژیدیایەک بە نۆتەیەکی هاوشێوە کۆتایی پێ بێنیت؟ چۆن دەتوانێت باسی سەرکەوتن بکات کاتێک ڕابەری یاخیبوونەکە لە ملی درابێت؟ ئەم وردەکارییە بچووکە پێمان دەڵێت کە دەبێت زیاتر ئاگادار و ئاشنای بۆچوونەکانی بتهۆڤن بین. لێرەدا گەشبینییەکی سەرسەختی مرۆڤێکمان بۆ دەردەکەوێ کە دان پێدانان بە بەزیندا ڕەت دەکاتەوە، مرۆڤێک کە متمانەی تەواوی بە داهاتووی مرۆڤایەتی هەیە. لەم میوزیکە بێوێنەیەدا پێمان دەڵێت: گرنگ نییە چەند جار دەبەزێندرێین، گرنگ نییە چەند پاڵەوان نامێنن، گرنگ نییە چەند جار دەدرێین بە زەویدا، هەمیشە دووبارە هەڵدەستینەوە! ئێوە هەرگیز نامانبەزێنن! چونکە ئێوە هەرگیز ناتوانن هزر و ڕۆحمان داگیر بکەن. ئەم میوزیکە دەربڕینە لە ڕۆحی نکۆڵی لێنەکراوی شۆڕش.

## شەوە تاریکە درێژەکە

گەشبینییە شۆڕشێڕانەکەی بتهۆڤن پێیوابوو کە ئەزموون تاکە تاقیکردنەوەی جددییە. سەرەڕای ئەو ڕاستییەی ناپلیۆن هەموو ڕووکەشی ڕژێمی پێشووی هێنابووەوە، ترس و بێزاری بۆ فەڕەنسایەکی ناپلیۆنی لە ئەوروپایەکی شاهانەدا کەمتر نەبوو لە

ڕابردوو. تاج لەسەرەکانی ئەورووپا زۆر لە شۆڕش دەترسان تەنانەت لە فۆرمێکی لێکهەڵوەشاوی بادراوی پۆناپارتیشدا. هەروەک چۆن دواتر لە کاریکاتێری بیرۆکراتیکی ئۆکتۆبەری ستالین دەترسان و ڕقیان لێ دەبووەوە. پیلانیان لێ دەگێڕا، هێرشیان دەکردە سەر، هەموو ڕێگەیەکیان بەکارهێنا بۆ خستن و لەناوبردنی.



**پاشەکشەکەی ناپلیۆن لە مۆسکۆ**

پێشکەوتنی سوپای ناپلیۆن ترس و ئاگادارکردنەوەی لە هەموو شوێنێک بڵاو کردبووەوە. ڕژێمە کۆنەپەرستە پاشایەتییەکانی ئەورووپا کە لەلایەن ئینگتەراوە ڕابەرایەتی دەکرا، بە ئاڵتوونە بێ سنوورەکەیەوە هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی فەرەنسا. پێدەنێینە زەمەنێکی هەژێنەر و توندەوە لە

جەنگ، داگیرکاریی بێگانە، وە ئازادکەر و ڕزگارکەری نەتەوەیی دەچێتە ململانێ و خەباتەوە، کە ئەمە دەیەیەکی خایاند. سوپای گەورەی ناپلیۆن، بە نزیکەیی هەموو کیشوەری ئەوروپای داگیر کرد پێش ئەوەی لە ناوچە بەستووەکانی ڕووسیا دووچاری بەزاندنێکی بێوێنە ببێتەوە لە ساڵی ١٨١٢دا. بەم لێدانە، زۆر بێهێز و لاواز بوو. لە کۆتاییدا، ناپلیۆن لە لایەن هێزی ئەنگلۆپرۆسیانەکان بەزێندرا لە دەشتە قوڕاوییەکانی بەلجیکادا، کە ناسراوە بە واتەرلوو.

ساڵی ١٨١٥، دوو ڕووداوی زۆر گرنگی لەخۆدەگرت بۆ بتهۆڤن؛ یەکەمیان لە ڕووی جیهانییەوە، ئەوی دیکەیان لە ڕووی ژیانی تایبەتییەوە: ڕووخانی ناپلیۆن لە واتەرلوو و مردنی کاسپەری برای کە بە قوڵیی کاریگەریی لەسەر بتهۆڤن جێهێشت. بتهۆڤن سووربوو لەسەر لە ئەستۆگرتنی خەرجیی گەورەکردنی کارلی برازای، ئەمەش بووە هۆی هەڵچوونێکی زۆر لەگەڵ دایکی کارل دا.

ماوەی دوای ساڵی ١٨١٥ یەکێک بوو سەردەمەکانی کۆنەپەرستە ڕەش و تاریکەکان. سەرکوتکردنی شۆڕش و دژە-شۆڕش کە لەلایەن فیودالە-پاشایەتیخوازەکانەوە ڕابەرایەتیکرا، توانی سەرکەوتنێکی زۆر لەو هێڵ و خەتەی خۆیدا تۆمار بکات. کۆنگرێسی ڤییەنا ١٨١٤-١٨١٥ دووبارە یاسای بۆربۆنەکانی سەپاندەوە بەسەر فەڕەنسادا. مێتەرنیک و قەیسەری ڕووس خاچپەرستەکانیان بە هەموو شوێنێکدا بڵاو کردەوە بۆ بەردەوام پەرەپێدانی ڕژێم. شۆڕشگێڕان، ئازادیخوازان و لیبرالەکان، ڕاو

دەکران، زیندانی دەکران، یان لە سێدارە دەدران. دواکەوتوێتیی فیکری شاهانەیی و ئاینی سەپێنرابوو. شازادەکانی نەمسا و پروسیا ئەوروپایان بەڕێوە دەبرد، کە لەلایەن خەنجەر بەدەستەکانی رووسیاوە پشتگیری لێدەکرا.



**کۆنگرێسی ڤییەنا**

ڕاستە کە جەنگی دژی فەڕەنسا پرسێکی وەک جەنگ بۆ ئازادیی نەتەوەیی لەخۆ دەگرت لە وڵاتانی وەک ئەڵمانیا، بەڵام ئەنجامەکەی دواکەوتووانە بوو. ڕوونترین نموونە ئیسپانیایە کە حوکمی بێگانەکان لەڕێی بزووتنەوەیەکی نەتەوەییەوە وەدەرنران .حوکمی بیانی لەلایەن بزووتنەوەیەکی نەتەوەییەوە ڕوخێنرا، کە دیارترین پێکهاتەی بریتیبوو لە "جەماوەرە زۆر بێ مافەکە" کە پێکهاتبوون لە خەڵکە زۆر ستەمدیدە و نەخوێندەوارەکەی کە بە ژیانی هەژارییەوە سەرقاڵ بوون، ئەمانەش لەژێر کاریگەریی ئاینپەروەرە کۆنەپارێز و دواکەوتووەکاندا بوون. لەژێر

فەرمانبەڕەوایەتی فێرناندۆی حەوتەمدا، دواکەوتوێتی حوکمی دەکرد، ئەو ئیسپانیایەی کە تێیدا ئەزموونی دەستورێکی لیبڕاڵ ژێرپێ خرابوو.



**گۆیا: کوشتنی بەرگریکارانی مەدرید لە ساڵی 1814**

تابلۆ قەشەنگە ئەشکەنجە دراوەکەی دوا ساڵەکانی گۆیا، ڕەنگدانەوەی ئەم سەردەمە پەشۆکاوە ناجێگیرەیە. ئەم تابلۆیەی گۆیا ڕەنگدانەوەیەکی گرافیکی ئەو جیهانەیە کە دەیبینی. بەهەمان شێوەی میوزیکەکەی بتهۆڤن، ئەم تابلۆیانە لە هونەر زیاترن. ئەمانە شتانێکی سیاسیین. ئەمانە ڕۆحی توڕەیی ناڕەزایەتییە بەرامبەر سەرکوتکردن و دژایەتی کردنی ئەدەب و هونەری ناڕوون و لێڵ. وەک ناڕەزایەتییەک، گۆیا ڕێگای خۆ دوورخستنەوە لە ڕژێمی فەرناندۆی حەوتەمی هەڵبژارد، خائینە

کۆنەپارێز و دواکەوتووەکە. گۆیا تەنها نەبوو لەم ڕقەی بەرامبەر شازادە ئیسپانییەکان- بتهۆڤنیش ڕەتی کردەوە کە کارەکانی خۆی بۆ بنێرێت.

لە ساڵی ١٨١٤دا- بەرواری کۆنگرێسی ڤییەنا- بتهۆڤن لە لوتکەی پسپۆڕییەکەیدا بوو. بەڵام ئەو کاردانەوە ئەورووپییەی کە هیوا و ئومێدی نەوەیەکی ناشت، کاریگەریی باشی لەسەر ڕۆحی بتهۆڤن هەبوو. لە ساڵی ١٨١٢دا کە سوپای ناپلیۆن بۆ ماوەیەکی کاتی لە دەروازەکانی مۆسکۆ وەستێندران، بتهۆڤن کاری لەسەر سەمفۆنیای حەوتەم و هەشتەمی دەکرد. دواتر دوای ١٨١٥، چووە ناو بێدەنگییەوە. چیدی بتهۆڤن سەمفۆنیای نەنووسی تا دەیەیەک دواتر، کە تیایدا دواهەمین و مەزنترین سەمفۆنیای نووسی.

دوا بەزین و نسکۆی ئەوەی لە شۆڕشی فەڕەنسی مابووەوە هەموو هیواکانی ناشت و هەموو پاڵنەرێکی داهێنەرانەی خنکاند. ساڵانی ١٨١٥-١٨٢٠ بیهێزییەکی زۆر لە بەرهەمەکانی بتهۆڤندا بەدی دەکرا بە بەراورد لەگەڵ ئەو بەرهەمە زۆرانەی لە چەرخی پێشووتردا هەیبوو. تەنها شەش کاری نۆتەی بەرهەمهێنابوو لەو هەموو ساڵەدا، کە چەند گۆرانییەک و دوایین سۆناتای چەلۆ و پیانۆ لەگەڵ سۆناتای پیانۆی چەکوشدا، کە کارێکی پڕ لە دژیەکیی ناوەکییە و لەوانەیە ڕەنگدانەوەی ئەو دژیەکیی و ململانێیە بێت، کە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا دووچاری بووبوویەوە.

ئیتر بتهۆڤن بە تەواوی نابیست بوو. چیرۆکی دڵتەزێن هەیە لە بارەی تراژیدیای بتهۆڤن کە چۆن شەڕی کردووە تا گوێی لە میوزیکەکانی خۆی بێت. بۆ نموونە، جووڵەی خاوی سۆناتای پیانۆ چەکوشییەکە زۆر تراژیدییە کە دەکرێت دەربڕینی قبووڵکردنی ناچاریی بێت. ئەم نابیستییەی بتهۆڤن بەرەو تەنیاییەکی خراپی برد کە  خراپتر بوو بە کەموکوڕی و دەستکورتیی ماددی بۆی. زیاتر داخراو بوو، میزاجی و پڕ لە گومان بوو کە زیاتر و زیاتر بەرەو تەنیایی و خۆ جیاکردنەوە لە خەڵکی دەبرد. دوای مردنی کاسپەری برای، کارلی برازای بووبووە خولیای سەری و بڕوای وابوو کە دەبێت ئەم بەخێوی بکات. هەموو هێزی خۆی خستە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی ئەرکی بەخێوکردنی کارل، هەروەها توانی بەدەستی بهێنێ و نەهێڵێت دایکی بیبینێت. بێ هیچ ئەزموونێکی بەخێوکەریی، زۆر بە ڕەقی مامەڵەی لەگەڵ کارلدا دەکرد کە وای لە کارل کرد هەوڵی کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی بدات، کە ئەمەش شۆکێکی دڵتەزێن بوو بۆ بتهۆڤن. دواتر، هەردووکیان پێکهاتنەوە و ئاشتەواییان کرد. بەڵام هەموو کاروبارەکە  خەمی گەورەی بۆ هەموو لایەک هێنا.

نهێنی ئەم وێڵ بوونە چییە؟ سەرەڕای ئەوەی بتهۆڤن سروشتێکی زۆر بەهەستی هەبوو، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی دڵخۆشکەری نەبوو لەگەڵ هیچ ژنێکدا، وە هیچ منداڵیشی نەبوو. هەموو هەستەکانی ڕشتبووە میوزیکەکەیەوە. ئەمە بۆ سوودی هەتا هەتایی مرۆڤایەتی بوو، بەڵام بێ گومان بۆشاییەکی گەورەی خستە سەر ژیانی تایبەتی بتهۆڤن خۆی. چیدی گەنج نەما و

بیستنی لەدەستدا، ئێستا تەنیایە و هەموو هیواکانی ژیانی لەدەست داوە، بێچارە دەگەڕێت بەدوای شتێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی ناو ڕۆحی.

بە گیرۆدەیی بە دەست سیاسەتەوە، بتهۆڤن خۆی کرد بە ژیانێکدا کە پێی وابوو ژیانی خێزانییە و هەرگیز نەیبووە. ئەم حاڵەتە زۆر باش ناسراوە لە لایەن شۆڕشگێڕەکانەوە، چونکە لە ژیانی شۆڕشگێڕییدا، ژیانی تایبەتی و خێزانی پشتگوێ خراو و ناگرنگ دەردەکەون.

ئەمە ڕاستە کە ڕووناکییەکی زۆر ناخاتە سەر ژیانی بتهۆڤن، هەروەها هەندێک خەڵکی ئەقڵ بچووک و بەرتەسک ویستیان بە بابەتی کارل ناوی بتهۆڤن بزڕێنن. ئەم جۆرە تۆمەتبارکردنانە وتەکەی هیگڵمان بیردەخاتەوە کە دەڵێت هیچ مرۆڤێک لەلای خزمەتکارەکەی پاڵەوان نییە کە هەموو کەموکورتییەکان و بەرزونزمییەکانی ژیانی دەبینێت. بەڵام وەک هێگڵ دەڵێت، دەکرێت خزمەتکارەکە ڕەخنە لەو شکتانە بگرێت، بەڵام دیدی و ڕوانینەکانی تا ئەو سنورەیە کە لەو بابەتە بێ بەها و ناگرنگانە زیاتر نەبینێت، هەر ئەمەش ڕونکەرەوەی ئەوەیە کە بۆچی ئەو خزمەتکارە هەر خزمەتکارە نەک کەسێکی مەزن. لەبەر هەموو ئەو شکستانەی (کە شکست ستێکی خۆلێلانەدەرە بۆ هەموو مرۆڤێک) بتهۆڤن وەکو یەکێک لەو مەزنترین مرۆڤانەی کە تا ئێستا ژیاوە دەهێڵێتەوە.

## گۆشەگیری

سەرەڕای هەموو شتێک کە لەم شەوە تاریکە درێژەدا کە دواکەوتوێتی باڵی بەسەردا کێشابوو، بتهۆڤن هەرگیز متمانەی بە داهاتووی مرۆڤایەتی لە دەست نەدا. باسکردنی مرۆڤدۆستییەکەی بتهۆڤن بووە بە شتێکی ئاسایی و باو. ڕاستە کە مەزنی ئەم کەسە زۆر ڕۆشتووە، بەڵام هێشتا زۆر نەڕۆشتووە و یاخود بە گوێرەی پێویست پۆلێن نەکراوە بەتایبەت لەوەدا کە خراوەتە ڕیزی قەشەکان، خەڵکی پاسیڤکەر و ئەو خانمە بەساڵاچووانەی کاتی بەتاڵی خۆیان بۆ "پرس و بابەتی بەبایەخ" تەرخان دەکەن. ئەمە وەک ئەوە وایە شتێکی زەبەلاح بخەینە تەنیشتی شتیکی بچووک.



**بتهۆڤن لە تەمەنی پیریدا**

بتهۆڤن هزری تەنها بۆ مرۆڤایەتییەکی ناڕوون نەبوو کە تەنها هیوا دەخوازێت جیهان ببێت بە شوێنێکی باشتر و دەستەوەستان بێ و هیچ لەو هیوایانە نەکات. بتهۆڤن مرۆڤدۆستێکی بورژوایی نەبوو، بەڵکو کۆمارییەکی خەباتکار و پشتگیریکەرێکی گەورەی شۆڕشی فەرەنسی بوو. بتهۆڤن ئامادە نەبوو کۆڵ بدات لە بەرامبەر دژە-شۆڕشدا یاخود هەر بە سادەیی بارودۆخەکە قبوڵ بکات. ئەم دەستبەرداری ڕۆحە سەرکەشە شۆڕشگێڕانەکەی نەبوو تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی خۆی. ڕۆحی ئەم مرۆڤە پۆڵایین بوو کە وایکرد بەرگەی هەموو کۆسپ و ناخۆشییەکانی ژیانی بگرێت.

دوایین نۆ ساڵی تەمەنی بە نابیستی بەسەر برد. یەک بە یەکی هاوڕێ متمانەپێکراوەکانی لەدەستدا و زۆر تەنها مایەوە. بتهۆڤن گەشتبووە ئەو خاڵەی کە بە نووسین لەگەڵ خەڵکدا دەدوا. زۆر لە جاران زیاتر شێوە و ڕووکەشی خۆی فەرامۆش کرد. لە سواڵکەر دەچوو کە دەچووە دەرەوە. سەرەڕای ئەم بارودۆخە تراژیدییەی ژیانی، ئەو هێشتا کاری لەسەر مەزنترین شاکارەکانی دەکرد.

هاوشێوەی گۆیا لە سەردەمە ڕەشەکەیدا، چیدی کاری بۆ خەڵک نەدەکرد بەڵکو بۆخۆی دەیکرد، بۆ دۆزینەوەی ڕێیەک بۆ دەربڕین لە بیرە زۆر قووڵەکانی. ئەو میوزیکەی لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا نوسیوێتی، بەرهەمی پێگەیشتوێتیی بەساڵاچوونە. میوزیکێکی جوان نییە، بەڵام زۆر قووڵە. ڕۆمانسیزم تێدەپەڕێنێت

و گوزارشت لە ئەشکەنجەی جیهانێک لەو کاتەی ئێستا دەکات کە تێیدا دەژین.

دوای ئەوەی لەو کاتدا بە بەناوبانگی نەمابوویەوە، بەڵام هێشتا میوزیکی بتهۆڤن گەلێک دژە باوی سەردەمەکەی بوو. بەمانایەک، میوزیکەکانی دژ بە ڕۆحی ئەو کاتانە بوون. لە سەردەمی دواکەوتوێتی و تاریکیدا، خەڵک بیرۆکەی قووڵیان ناوێت. لەبەرئەوە، دوای بەزاندنەکەی کۆمۆنەی پاریس، شانۆییە میوزیک ئامێرە بێبایەخەکانی ئۆفێنباک لە هەموو جێیەک ئامادە بوون. بورژواییەکانی پاریس نەیاندەویست گرژی و ئاڵۆزییەکانیان بە بیر بهێنرێتەوە، بەڵکو دەیانویست شەمپانیا بخۆنەوە و سەیری کچە جوانەکانی ناو کۆرسی گۆرانییەکان بکەن. نۆتە خۆشی ئامێرە دەستکردەکانی ئۆفێنباک، بێ کەموکوڕیی و بێ زیادە گوزارشت لەو ڕاستییە دەکەن.

لە ماوەی سالانی نێوان ١٨٢٤-١٨٢٦دا، بتهۆڤن میسا سۆلێمنیس، گروسێ فوگێ، و  چوار ژێدارە مردووەکەی دەنووسییەوە، کە موزیکێکی زۆر پێشکەوتووتر بوو لە میوزیکی ئەو سەردەمە. میوزیکی بتهۆڤن زۆر زیاتر لە هەر میوزیکێک تێکەڵاوی قووڵایی ڕۆحی مرۆڤ دەبێت. سەرەڕای نایابی ئەم میوزیکە، خەڵکانێک پێیانوابوو کە بتهۆڤن ئەقڵی لەدەستداوە. بتهۆڤن هیچ گرنگییەکی بەو بابەتە نەدابوو، هیچ گرنگییەکی بە ڕای خەڵک نەدەدا، هەرگیز دوودڵ و ڕاڕا نەبوو لە دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانی خۆیدا و ئەو تۆمەتانەی ئەوان نەیدەوەستاند. ئەمە ترسناک بوو، ئەوەی ئەمی لە دەرەوەی زیندانەکان هێشتبۆوە، تەنها پێگەکەی بوو وەک میوزیکدانەرێکی بەناوبانگ.

دەبێت ئەوەش بزانین کە نەمسا ناو جەرگەی بابەتی دواکەوتوێتی و تاریکییەکە بوو. نەک تەنها سیاسەت، بەڵکو کلتووریشیان لە ژێر دەسەڵاتدا بوو. سیخوڕەکانی ئیمپراتۆر لە هەموو سووچ و کۆڵانێک بوونیان هەبوو. چاودێری چڕ لەسەر هەموو جۆرە چالاکییەک هەبوو، تەنانەت ئەوەی یەک تۆزیش هاندانی تێدا بوو. لەم بارودۆخەدا خەڵکی بورژوازیی ڤییەنا نەیاندەویست گوێ لە هیچ میوزیکێک بگرن کە هانیان دەدات بۆ شەڕکردن لە پێناو جیهانێکی باشتردا. لایان باشتر بوو گوێیان ئاسوودە بکەن بە نۆتەکانی ئۆپێرا خۆشی ئامێزەکانی وەک ڕۆزینی- نووسەری میوزیکی کاتژمێرەکە. بە پێچەوانەوە، میسا سۆلێمنیسی بتهۆڤن بڤە بوو. ڕەنگدانەوەی ئازاری ناخی ئەم مرۆڤە مەزنە خۆی لە میوزیکی گروسێ فوگێدا دۆزییەوە. ئەوە بەدڵنیاییەوە میوزیکێکی چڕە کە زۆر لەبارەی بیری بتهۆڤنەوە دەدرکێنێت لەو کاتەدا. (لەم لینکەوە گوێگرە میوزیکەکە بن (https://www.youtube.com/watch?v=XAgdd2VqLVc . لێرەدا ئێمە لە حزوری جیهانێکداین لە شەڕ و پارچە پارچە بوون و دژیەکیی چارەسەر نەکراو و کۆتانەهاتوو. ئەوەش شتێک نەبوو کە خەڵک بیەوێت گوێی لێگرن.

**سەمفۆنیای نۆهەم**

بتهۆڤن لەمێژبوو بیرۆکەی سەمفۆنیای بەکۆمەڵ وتراوی هەبوو، ئەم بیرۆکەیەشی لە کارێکی شیلەر وەرگرتبوو بە ناوی گۆرانییەک بۆ خۆشی، کە لە بنەڕەتدا ناوی گۆرانییەک بۆ ئازادیی

بوو، بەڵام لەبەر پەستانی سەرکوتکەرانی شۆڕش وشەی ئازادی بۆ خۆشی گۆڕیبوو، بەڵام بۆ بتهۆڤن و ئەو نەوەیە پەیامەکە هێشتا زۆر ڕوون بوو. ئەوە گۆرانییەک بوو بۆ ئازادی. بتهۆڤن لە ساڵی ١٧٩٢ەوە ئاشنای ئەم کارە بوو.

یەکەم ڕەشنووسی سەمفۆنیای نۆهەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨١٦، ساڵێک دوای واتەرلوو (بەزاندنی ناپلیۆن)، بەڵام حەوت ساڵ دواتر نووسینی ئەم سەمفۆنیایەی تەواو کرد واتە ساڵانی ١٨٢٢-١٨٢٤. ئەمە دوای ئەوەی کۆمەڵەی فیلهارمۆنیک (کۆمەڵێک کە میوزیکیان ڕێکدەخست) ٥٠ پاوەندیان پێشکەشی دوو سەمفۆنیا کرد. لەبری ئەوە، ئەم کارە ناوازەیەیان دەسکەوت کە زۆر زیاترە لە هەر سەمفۆنیایەک کە نووسرابێت.

سەمفۆنیای نۆهەم تا ئەمڕۆش هیچ لە توانای هاندان و هەژاندنی کەم نەبۆتەوە. ئەم کارە کە بە مارسیلیێسی مرۆڤایەتی ناوزەد کراوە، بۆ یەکەم جار لە ٧ی ئایاری ساڵی ١٨٢٤دا لە ڤییەنا پێشکەش کراوە. لە ناوەڕاستی سەرکوتکردنێکی گەردوونیدا، ئەم میوزیکە گوزارشتە لە گەشبینیی شۆڕش. ئەمە دەنگی مرۆڤێکە کە ڕەتی دەکاتەوە دان بە بەزاندندا بنێت، دەنگی مرۆڤێکە کە سەر لە ئاستی زۆرداری دانانەوێنێت.

بەشە درێژەکەی یەکەمی بە پلیکانەیی و بەرەبەرە بەرز دەبێتەوە لە کۆردە تاریکەکەیەوە، زۆر ناڕوون و نادیار کە وا دەردەکەوێت لە تاریکییەوە تێکهەڵکێش ببێت، وەک ئەو فەوزا و بێ سەروبەرییەی کە وا دانرابوو پێش دروستبوونی گەردوون





بکەوێت. ئەوە وەک مرۆیەکە کە بڵێت " **بەڵێ بە شەوێکی زۆر تاریکدا تێپەڕین کاتێک هەمووان بێ ئومێد دیاربوون، بەڵام ڕۆحی مرۆڤ ئەو توانایەی هەیە کە سەرکەوتن لە تاریکترین شەودا بەدەست بهێنێت".**

بەدوای ئەمەدا، سەرسوڕهێنەرترین میوزیک دێت کە پڕە لە جوڵە و دینامیکییەت، ڕووبەرەوپێشە و بە بەردەوامیش تووشی دژیەکیی دەبێتەوە، بەڵام بە پێداگرییەوە بەرەوپێشەوە دەچێت، وەک یەکەم پارچەی سەمفۆنیای پێنجەمە، بەڵام لە پێوەرێکی زۆر گەورەتردا. وەک سەمفۆنیای پێنجەم، ئەمیش میوزیکێکی توندە، توندێکی شۆڕشئامێز کە بەزەیی بە هیچ دژایەتی کردنێکدا نایەتەوە و هەموو ئەوەی لەسەر ڕێیەتی گسکی لێ دەدات. ئەو جەنگە نیشان دەدات کە دژی هەموو ڕێگرەکان سەردەکەوێت و بەرەو سەرکەوتنێکی گەورە دەڕوات.



میوزیکی لەم جۆرە هەرگیز پێشتر نەبیسترابوو. شتێکی تەواو نوێ و شۆڕشگێڕانە بوو. ئەستەمە ئەمڕۆ بتوانین بزانین چ کاریگەرییەکی لەسەر جەماوەری ئەو کات هەبووە. بابەتی کۆتایی، کە لە دوایین پارچەیدایە وەک ڕژانی پرشنگی خۆرە بەسەر هەورەکاندا، لە ڕاستیدا ئەم بەشەی کۆتایی بە شێوەی جیاواز جیاواز بە درێژایی سەمفۆنیاکە دەبیسترێت. (لەم لینکەوە گوێگری بن
https://www.youtube.com/watch?v=G9EJE1ad36Q
) . دوا پەیامی ئەم بەشە کە بەشێوەی کۆرسە، هیچ دوودڵییەکی تێدا نییە: "پێویستە هەموو مرۆڤ برای یەکتر بێت!" ئەمە دوا پەیامی بتهۆڤنە بۆ مرۆڤایەتی. پەیامێک لە هیوا- و بەرەنگاری.

بتهۆڤن بە پیری و ناڕێکی و بە نابیستی تەواوەتییەوە ئەم سەمفۆنیایەی نووسی. تەنانەت نەیدەتوانی کات ڕابگرێت. هێشتا دەستی ڕادەوەشاند دوای ئەوەی ئۆرکێستراکە کارەکەیان تەواو کردبوو. کە دوا نۆتە ژەندرا، تەنانەت نەیتوانی گوێی لەو چەپڵانەش بێت کە جەماوەرەکەی وەک پێزانینێک بۆ ئەو شاکارەی لێیاندا. ئەم مرۆڤە مەزنە بۆ چەند ساتێک هێشتا ڕووی لە ئۆرکێستراکە بوو. دوایی کۆنترڵتۆ (گۆرانیبێژی دەنگی نزمیی ژن) کارۆلین ئونگەر دەستی کردە سەر شانی بتهۆڤن و ڕووی پێ وەرگێڕایە جەماوەر. ئەمە وایکرد کە هەموو جەماوەرەکە لە پێنج نووشتاندەوە کەمتری نیشان نەدەن وەک پێزانینێک بۆ ئەوەی کە کردوویەتی. دەنگەدەنگەکە هێندە زۆر بوو، پۆلیسی

ڤییەنا لە ترسی ئەوەی کە ببێتە خۆپیشاندان، بڵاوەیان بە خەڵکەکە کرد و وەستاندیان. هەستی پۆلیس هەرگیز هەڵە نەبوو. لە سەمفۆنیای نۆهەمدا لە یەکەم ترپەوە تا دوا ترپەی هاندان بوو.

سەمفۆنیای نۆهەم بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو بوو، بەڵام هیچ سوودێکی ماددی بۆ بتهۆڤن نەبوو. بتهۆڤن ئیتر لە کێشەی داراییدا بوو لە کاتێکدا مردن خەریکبوو دەیبرد. بتهۆڤن تووشی هەوکردنی سییەکان بوو، دەبووایە نەشتەرگەری بکات. برینەکانی زۆر بە خراپی تووشی هەوکردن بوون. بۆیە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی لە ئێش و ئازارێکی زۆردا بەڕێکرد.

دوای ژیانێکی تراژیدی پڕ لە مەینەتی، بتهۆڤن لە ٢٧ی ئاداری ساڵی ١٨٢٧دا کۆچی دوایی کرد. گۆیاش کە بە هەمان شێوە نابیست بوو، لە هەمان ساڵدا مرد. بیست و پێنج هەزار کەس بەشدارییان لە پرسەکەیدا کرد، کە ئەوە دەگەیەنێت لە کاتی ژیانیدا ناسراو بووە. تا ئەمڕۆش بتهۆڤن و موزیکەکەی بە گەشاوەیی و پرشنگداری دەژین. لە میوزیکەکەیدا هەست دەکەین کە هەموو ژیانی ئەم مرۆڤەمان لەبەردەستدایە. وا هەست دەکەین کە بە درێژایی ژیانمان ناسیومانە و خۆشمانویستووە.

گەورەیی بتهۆڤن لەوەدایە کە تاک گوێ لە میوزیکەکەی دەگرێت، لەگەڵ گەردووندا یەکدەگرێت. ئەم میوزیکە میوزیکێکە کە پێشنیاری خەبات و جەنگان دەکات دژ بە هەموو ڕێگرەکان. هەروەها پێشنیاری بەرزبوونەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەکات. میوزیکی بتهۆڤن شۆڕشگێڕانە بوو لەبەرئەوەی چڕ بوو، هەروەها ڕووناکی دەخستە سەر ئەو لایەنانەی ژیانی مرۆڤ، کە

پێشتر هەرگیز بە میوزیک گوزارشتی لێ نەکرابوو. ئەوە حەقیقەت بوو لە ڕێگەی میوزیکەوە گوزارشتی لێکرا بوو.

## پاشکۆ

سەمفۆنیای نۆهەمی بیتهۆڤن دوا وتەی بتهۆڤن بوو- تەحەدایەکی چاونەترسانە بوو بۆ ئەو سەرکوتکردنە بە ڕووکەش سەرکەوتووەی دژی شۆڕش کرا، کە دوای کەوتنی سوپای فەڕەنسا لە ساڵی ١٨١٥دا دەستیپێکرد. دوا سەرکەوتنی سەرکوتکردنی شۆڕش بەرەنگاری و نائارامییەکی زۆری لێکەوتەوە و هیوای نەوەیەکی خنکاند، کە بە نیازی ڕزگارکردنی شۆڕشی فەڕەنسی بوون. زۆر لە شۆڕشگێڕان کەوتنە نائومێدییەوە و زۆرێکیشیان هەڵگەڕانەوە. وێنەیەکی زۆر لێکچوو بوو لەگەڵ ئەم نەوەیەی خۆماندا، واتە ڕووداوەکانی زۆر تەریب بوون لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتی بەدوادا هات.

وا دیار بوو ئەوروپا لەبەر پێی ئەو سەرکوتکردن و دژە-شۆڕشەی لەلایەن پاشاکانە بەڕێوە دەبرا کەوتبوو. کێ دەیتوانی بەرامبەر هێزی ئەو ڕژێمە مۆنارکییە (پاشایەتیی موتڵەق) گەورەیەی ئەوروپا لەسەرپێی خۆی بووەستێ، کە هێزی قەیسەری ڕووس لە پشت هەر تەختێکەوە بوونی هەبوو و پۆلیس لە هەموو سووچ و کۆڵانێک سیخوڕی دەکرد؟ ستەمکاری و کوێرکردنی ئایینی لە سەرکەوتندا بوون. بێدەنگیی باڵیکێشا بوو

بەسەر هەموو شوێنێکدا و هاوشێوەی ناو گۆڕ و قەبری لێهاتبوو. لە ناوەڕاست و ناوجەرگەی ستەمکاریدا، پیاوێکی ئازا دەنگی بڵندی هەڵبڕی و بە جیهانی گوت کە هیوا هەیە. ئەو وەک خۆی هەرگیز گوێی لەم پەیامە نەبووە لە هیچ شوێنێک، جگە لە هزری خۆی کە مەنبەعی ئەو بیرە بوو.

بیر و باوەڕەکانی شۆڕشی فەڕەنسی- بیروباوەڕی ئازادی، یەکسانی، برایەتی، و مافەکانی مرۆڤ- بەردەوام بوون لە باوەش پێداکردنی هزری نەوەی نوێ. بەڵام ئەمجارە ئەم بیروباوەڕانە پشتگیری چینێکی دیکەشی هاتە سەر، کە چینی کرێکار بوو- هەڵگری بیروڕای نوێ و قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا- کە بریتی بوو لە سۆسیالیزم.



میوزیکی بتهۆڤن خاڵی سەرەتای ڕێچکەی ڕۆمانسیزم بوو لە میوزیکدا، کە بە توندیی بە شۆڕشەوە گرێدرابوو. لە نیسانی ساڵی ١٨٤٩دا، لە گەرمەی شۆڕش لە ئەڵمانیادا، میوزیکدانەری لاو ڕیچارد واگنەر، سەمفۆنیای نۆهەمی بتهۆڤنی پێشکەش کرد لە درێسدن. لە ناو جەماوەرەکەیدا، شۆڕشگێڕی ئەنارکسیتی ڕووس، باکۆنینی لێبوو، کە بیروڕاکانی کاریان لە واگنەر کردبوو لە زووەوە. بە پەرۆشەوە بە واگنەری گوت: **"گەر شتێک شایەنی هێشتنەوە بێت لە جیهانی کۆن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەم میوزیکە دەبێت".**

تەنها دوای نەوەد ساڵ لە مردنی بتهۆڤن، قەیسەری ڕووس لە لایەن چینی کرێکارەوە ڕووخێندرا. شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕۆڵێکی هاوشێوەی شۆڕشی فەڕەنسی دەبینی. هانی نەوەیەک لە پیاوان و ژنانیدا کە دیدگا و ئاسۆیان هەبێت بۆ جیهانێکی نوێی باشتر. ڕاستە شۆڕشی ڕووسی لە ژێر هەلومەرجی ترسێنەر و کۆنەپەرستیدا هەڵوەشایەوە و بوو بە کاریکاتێرێک، کە ترۆتسکی چواندی بە شۆڕشی فەڕەنسی و وەسفی کرد بە بۆناپارتیزمی پڕۆلیتاری. هەروەک چۆن دیکتاتۆریەتی ناپلیۆن بووە هۆی گەڕاندنەوەی بۆربۆنەکان بۆ جێی خۆیان، بیرۆکراتییەتی ستالینیش لە ڕووسیا بە هەمان شێوە بووە هۆی گەڕاندنەوەی سەرمایەداری.

ئەمڕۆ لە جیهانێکی پڕ لە هێزی سەرکوتکەردا، ڕووبەڕووی هەمان ئەو هەلومەرجە دەبینەوە کە بتهۆڤن و ئەو نەوەیە لە ساڵی ١٨١٥دا ڕووبەڕووی بوونەوە. ئێستاش وەک ئەوسا، زۆر

له کۆنه شۆڕشگێڕەکان، بەرەی جەنگ و خەباتیان بەجێهێشت. ئێمە دوای گاڵتەجاڕ و گومانکەران ناکەوین، بەڵکو لودویگ ڤان بتهۆڤنمان پێ باشترە.  بەردەوام دەبین بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی شۆڕشی سۆسیالیستی و مێژوو گەواهیمان بۆ دەدات.

ئەوانەی پێشبینی کۆتایی مێژوو دەکەن، زۆر جار بە درۆ خراونەتەوە. مێژوو بە ئاسانی ناوەستێت! تەنها سێ ساڵ دوای مردنی بتهۆڤن، بۆربۆنەکان بە شۆڕشی ئەیلوولی ئەو کاتە لادران. دوای ئەمە زنجیرە شۆڕشێک لە ئەوروپادا هەڵگیرسا لە نێوان ساڵانی ١٨٤٨-١٨٤٩. دواتر کۆمۆنەی پاریس هاتە کایەوە لە ساڵی ١٨٧١دا، کە ڕاستترین شۆڕشی کرێکاران بوو لە مێژوودا، هەروەها ڕێی بۆ شۆڕشی بەلشەفیکی خۆشکرد لە ساڵی ١٩١٧دا.

لەبەر ئەوە، هیچ هۆکارێک نابینین بۆ ڕەشبینی. ئەو قەیرانانەی ئەمڕۆ دەیانبینین ئەو شیکار و شرۆڤە مارکسییە دەسەلمێنن، کە بە دەرئەنجام پێیوایە سەرمایەداری هاوەڵ و هاوڕێی مێژوویەکی تاریکە. بە متمانەوە دەڵێین کە ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت کۆتایی مێژوو نەبووە، بەڵکو پێشەکییەک بوو بۆ ڕاستی یەکەم ئاکت و جوڵە، دووەم بەش ڕووخانی سەرمایەداری دەبێت لە چەند وڵاتێک کە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ شۆڕشێکی گەورە و مەزنی جیهانی کە هەرگیز پێشتر مێژوو شۆڕشێکی لەو جۆرەی بەخۆوە نەبینیبێت.

ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری تەنها بە لایەنی ئابووری و سیاسی دەرنابڕدرێت. کوێریی ئەم سیستەمە ڕەنگی داوەتەوە لە وەستانی

کلتووریشدا نەک تەنها لە هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا. بەڵام وەک هەموو کات و هەمیشە، لە ژێرەوە هێزێکی زۆر هەیە کە دەجەنگێت و خەبات دەکات تاکو بێتە دنیاوە. ئەم هێزانە دەنگیان دەوێت، بیروڕایان دەوێت، ئالایان دەوێ تا لە دەوری کۆببنەوە و بجەنگێن. ئەوە لەکاتی خۆیدا دێت و کاتێکیش کە دێت، تەنها لە فۆرمی بەرنامەی سیاسیدا نایەت، بەڵکو لە هونەر و میوزیک، ڕۆمان و هۆنراوە، شانۆ و سینەماکاندا دەربڕین و گوزارشت بۆخۆی دەدۆزێتەوە. بتهۆڤن و گۆیا نیشانیان داین کە هونەر دەکرێت چەکی شۆڕش بێت.

وەک شۆرشگێڕە فەڕەنسییە مەزنەکانی وەک ڕۆبسپێر، دانتۆن، سەینت جەست، بتهۆڤن بڕوای وابوو کە بۆ نەوەی ئایندە دەنووسێت. کاتێک میوزیکژەنەکان گلەییان لە قورسیی ژەنینی میوزیکەکەی دەکرد، دەیگوت: **"ئەمە بۆ داهاتووە"**. ئەمەش بۆ سۆسیالیستەکان هەمان شت و ڕاستییە دەربارەی ئایدیا و بیروبۆچوونەکانی سۆسیالیزم: سۆسیالیزم گوزارشت لە داهاتوو دەکات، لەکاتێکدا ئایدیا و بۆچوونە بێ کەڵک و لەکارکەوتووەکانی بۆرژوازیی گوزارشت لە ڕابردوو دەکەن. هەروەها بۆ ئەو کەسانەشی کە بە زەحمەتی دەبینن ئێستا لێمان تێبگەن، دەڵێین: بێ خەم بن، داهاتوو پیشانی دەدات کێ ڕاستە!

لە داهاتوودا، کاتێک پیاوان و ژنان ئاوڕ دەدەنەوە بۆ مێژووی شۆڕشەکان و هەوڵە بەردەوامەکان کە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەک لەسەر ئازادی ڕاستەقینە، یەکسانی و برایەتی دراون، یادی ئەو مرۆڤە بەرز ڕادەگرن کە نابیست بوو بەڵام

میوزیکی وەک ناوەند و ئامرازێک بەکاردەهێنا بۆ گەیاندنی پەیامەکەیی و بۆ داهاتوویەک دەجەنگا، کە هەرگیز نایبینێت. ئەو کات نەوەی داهاتوو لەو پێکدادانە مەزنانەدا دەژین و لە زمانی بتهۆڤن دەگەن: زمانی گەردوونی بۆ خەبات لەپێناو دروستکردنی جیهانێک بۆ ژیانی پیاو و ژنە ئازادەکان.

پەراوێز

[1] بتهۆڤن هەڵە بوو لەبارەی نەمساوییەکانەوە. بیست ساڵ دوای مردنی، چینی کرێکاران و گەنجانی نەمسا لە شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨دا ڕاپەڕین.